# له غه‌زاوه بۆ كه‌مپ

## ده‌رباره‌ی كتێبی "ڕه‌چه‌ڵه‌كناسیی ئه‌نفال"ی مه‌نسوورته‌یفووری

**ناوه‌ڕۆك**

**پوخته**
***جینالۆژیا* : میتۆدێك بۆ ئه‌نفالناسی**
**غه‌نیمه‌ت: له‌ خودای چه‌پێنه‌ره‌وه‌ بۆ خودای به‌خشنده‌**
**غه‌زا: ئابووریی خه‌ڵات**
**زێده‌به‌ها و قوربانی له‌ شه‌وی ئه‌نگوسته‌ چاودا**
**خه‌لافه‌ت له‌ به‌رامبه‌ر ئیمپراتۆریه‌تدا**
**ساكرێ و ته‌ڵه‌یه‌كی ژیژه‌كی**
**كه‌مپ: ڕووتكردنه‌وه‌ی ژیان**
**ده‌ره‌نجام**

**پوخته**

ساڵی ڕابردوو به‌شێك له‌ تێزی دكتۆراكه‌ی مه‌نسوور ته‌یفووری به‌ شێوه‌ی كتێبێكی سه‌ربه‌خۆ به‌ زمانی كوردی به‌ ناوی "ڕه‌چه‌ڵه‌كناسیی ئه‌نفال-پێشه‌كییه‌ك بۆ ئابووریی سیاسیی ئیسلام" بڵاوبوویه‌وه‌. لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌م جۆره‌ ده‌رباره‌ی ئه‌نفال له‌ نێو ڕۆشنبیریی ئێمه‌دا ده‌گمه‌نه‌؛ چونكه‌ شێواز و میتۆدی نووسینه‌كه‌ی، ڕوانگه‌ فه‌لسه‌فییه‌كه‌ی و سه‌رچاوه‌كانی شیكارییه‌كه‌شی ڕێگه‌یان پێداوه‌ به‌ دووورودرێژی و هاوكات به‌ وردی ڕیشه‌كانی

شێوەگرتنی زاراوەی *"الأنفال"* و ڕێسا شەرعییەکانی و وەرچەرخانەکانی ئابوورییەکی ئایینی پەیوەست بەم پرسە، لەنێو ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا پیشان بدات و لەوێوە ئەو پارادایمە بناسێتەوە کە دەبێتە مایەی ئەنفالی کورد لە سەدەی بیستەمدا. بەم مانایە، تەیفووری هەوڵ دەدات ئەو سیستەمە ئابووریی سیاسییە بپشکنێت کە ئەنفال نەك تەنیا تێیدا ڕووداوێکی مێژووییە، بەڵکو خودی ئەو پنتەیە کە نەزمێکی شەرعی لەسەریەوە دادەمەزرێت و لە مێژوودا شێوە دەگرێت و دەگۆڕێت.

ئێمە لەم وتارەدا تاوتوێی تێزە سەرەکییەکانی نێو بەرهەمەکەی تەیفووری دەربارەی "ئەنفال وەك غەنیمەت" و وەك "هۆمۆساکەر" دەکەین و گۆڕانی ماناکەی لە مێژووە جینالۆژییەکەیدا دەپشکنین، هاوکات لەو ڕێگەیەوە ئاوڕ لە ڕووداوە بنچینەییەکانی پێکهاتنی حاکمیەتی خەلافەت لە مێژووی ئیسلامدا دەدەینەوە و دواتریش جیاوازییەکەی لەگەڵ دەسەڵاتی حاکمیەتی بایۆپۆلەتیکی مۆدێرندا پیشان دەدەین. خاڵی سەنترال لەم پشکنینەدا ئەوەیە کە لە ڕێگەی ڕەخنەیەکی پۆزەتیڤەوە ئەرێی بەرهەمەکەی تەیفووری بکەین تاوەکو لەگەڵیدا کۆنسێپتێك دەربارەی ئەنفال بەرهەم بهێنین کە لە خستنەڕووی ڕووداوەکەدا وەك "مەرگەساتێك" و پیشاندانی کورد وەك "قوربانی"ـی شەڕەنگێزی و سادیزمی تاکە سەرکردەیەکی دیکتاتور تێپەڕێت، لەبری ئەوە وەك بەرهەمی لۆژیکیی بونیادەکانی دەسەڵاتی حاکمیەتی بایۆپۆلەتیك لێکی بدەینەوە کە "کەمپ" لە سەرەکیترین فەزاکانی مومارەسەکردنیەتی.

## زاراوە سەرەکییەکان:

**ڕەچەڵەکناسی، ئەنفال، حاکمیەت، خەلافەت، ساکرێ، هۆمۆساکەر، بایۆپۆلەتیك، کەمپ.**

## *جینالۆژیا*: میتۆدێك بۆ ئەنفالناسی

گەڕانەوەی توێژەری ئەنفال بۆ نێو وردەکارییە مێژووییەکان، بەو واتایەیە کە ***ئەنفالناسی*** بە بێ ناسینی ڕیشەکانی ئەنفال، بە بێ تێگەیشتن لە چۆنیەتی *شێوەگرتنی* و ئەو لابەلابوونەوە مێژووییەی کە **"ئایینە نوێیەکە"** (ئیسلام) لە چەمکەکەیدا دروستی دەکات، مەحاڵە. لەبەرئەمەیە نووسەر لێکۆڵینەوەکەی خۆی بە *ڕەچەڵەکناسیی* لە قەڵەم دەدات؛ هەمان ئەو میتۆدەی کە کۆمەکمان پێ دەکات ئەم ڕیشانە بپشکنین.

"ڕەچەڵەکناسی" بەرامبەرە کوردییەکەی زاراوەی *Genealogy*ـیە و لایەنیکەم سێ فەیلەسوفی گەورە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بە چڕی بەکاریانهێناوە و گەشەیان پێداوە: فریدریك نیچە، میشێل فوکۆ، جۆرجیۆ ئاگامبێن. بەو هۆیەی ئەم زاراوەیە، نەك تەنیا لە نووسینی کوردیدا، بەڵکو لە فەزای فیکری ڕۆژئاواییشدا هێشتا ئاڵۆزە و تەمومژەکانی بە تەواوەتی نەڕەویوونەتەوە، هەندێجار دەبێتە مایەی بەدحاڵیبوون، چونکە وا دێتە بەرچاو کە خواستی *"گەڕانەوە بۆ ڕیشەکان"*ـە؛ وردتر بڵێین لەم باسەدا کێشەی "گەڕانەوە" وەك پرسێکی شیکاری لەگەڵ "ڕیشەخوازی"ـدا وەك سندوقی دۆگمەکان تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن.

ئایا گەڕانەوەی جینالۆژیی چیە و چۆنە؟ چی جیای دەکاتەوە لە *گەڕانەوەی فەندەمێنتاڵیستانە* بۆ ڕیشەکان؟ گرنگی هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە دوو شێوازی گەڕانەوەمان پیشان دەدات، *گەڕانەوەی فەندەمێنتاڵی* و *گەڕانەوەی جینالۆژی*: یەکەمیان گەڕانەوەیەکی ڕیشەخوازانەیە بۆ ئەسڵە پەتییەکان بۆ مەحکومکردنی *ئێستا* بەو ئەسڵانە؛ دووەمیان گەڕانەوەیەکی شیکارییخوازنەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو لابەلابوونەوانەی ڕابردوو کە بوونەتە *هێڵی شکانەوە* بۆ ڕەخساندنی ڕوودانی شتێك لە ئێستادا. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ***ڕەچەڵەکخوازی*** و ***ڕەچەڵەکناسی*** هەمان شت نین، فەندەمێنتاڵیست و فیلۆلۆگ لە دوو ڕێگای جیاوازەوە دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو. فەندەمێنتاڵیست، کەسی "ئوسوڵی"، ئەسڵ وەك کانگایەکی ڕوون و سازگاری "مانا ڕاستەقینەکان" دەبینێت، شێوازی ژیانی فیگورە کەونارااکان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی سەردەمە بنەڕەتییەکان

نەك تەنیا وەك مۆدێلێك بۆ ئێستا دەهێنێتەوە، بەڵكو لایوایە زەمەن پێویستە تاكئاراستە لەسەر ئەو مانا ڕاستەقینانە بڕوات [یان بوەستێت] و هەر جووڵە و گەشە و بەرەوپێشچوونێك بە "بیدعە"، بە "فیتنە"، بە "لادان" دادەنێت و لە حاڵەتە ئاینییەكەیشدا بە "كوفر". لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی لەدوای **مانا بنەڕەتییە ڕاستەقینەكانەوە** سەریانهەڵداوە "مانا ساختەكان"ـن كە هەوڵی شەیتانەكانن بۆ شێواندنی مانا پاكژە خوداییەكان. بە پێچەوانەوە، گەڕانەوەی ڕەچەڵەكناسی گەرچی دان بەوەدا دەنێت چركەساتی گرنگ و بەرچاو لە ڕابردوودا هەبووە، بەڵام خواستی ئەوە نییە داهاتوو بەم چركەساتانە لە قاڵب بدات و بۆ ئەبەدی لەسەر "ڕێبازەكە"ی بڕوات، چونكە پێشوەختە دەزانێت هەر چركەساتێكی گرنگ تاقانەیە و تێدا ژیانەوەی، بە هەمان تیاژیانی ساتی یەكەمەوە، مەحاڵە، ئەوە نەبێت كە هەر ساتێكی پچڕانی مێژوویی ئێستاش بۆ خۆی هەر "یەكەم سات"ـی خۆیەتی. بەم جۆرە جینالۆژیست لە بری گەڕان بە دوای "مانای ڕەسەن"دا وەك "مانای پاكژ"، "مانای باڵا"، "مانای ئەبەدی"، بەدوای ئەو زەمینەیەدا دەگەڕێت كە حوكمی هەر "ڕاستەقینە و باڵایەتییەك" پێك دەهێنێت؛ واتە گەڕان بەدوای "ساتەكانی دامەزران(دن) یان "ساتە دامەزرێنەرەكان"ـی نەزمێكی بەهایی-مانایی یان ئابووریی-سیاسیدا كە لە پێچەڵان و پنتە ناڕوونەكانی ڕابردوودا چەكەرەیان كردووە.

ئەم تەنگژەیە لەنێو خودی كایەی جینالۆژیاشدا هەیە؛ **ئەسڵ** لە جینالۆژیادا بۆ "گەڕاندنەوە/هێنانەوە" نییە، بەڵكو بۆ "گەڕانەوە"یە؛ لە نێو ئەم وشەدا چاووگی "گەڕان" لە خۆ گیراوە كە دەبێت بە فرمانی "بەدواداگەڕان"، پشكنین، لێكۆڵینەوە لە ساتە دامەزرێنەرەكان. یان وەك فوكۆ دەڵێت *جینالۆژیا لە پرۆسەی گەڕانیدا بەدوای ئەسڵەكان[origins]دا دژ بەخۆی دەجوڵێتەوە*. لە وتاری *نیچە، جینالۆژیا و مێژوودا*، فوكۆ دوو شێوازی بەكارهێنانی چەمكی ئەسڵ[ڕەچەڵەك] لای نیچە لێكتر جیا دەكاتەوە: لەلایەك، **ئەسڵ** *Ursprung* «كە پەیوەستە بە دامەزراندن و وەدیهێنانێكەوە *Erfindung*، بە فێڵی دەستەوە، بە كاری دەستی و دەستكردەوە، بە بەرهەمی هونەر *Kunststück*ـەوە، بە داڕشتەیەكی نهێنیئامێزەوە، بە سروشتی سیحری ڕەشەوە لە كاری هونەرمەندانی ڕەشدا *Schwaerkünstler*»[1]. لەلایەكی تر، **بنەچە** *Herkunft* كە لە باری واتاییەوە «هاوتای هەگبە یان ڕەگوڕیشەیە؛ پەیوەستییەگیەكی كۆنی گرووپێكە لەگەڵ یەكتریدا كە لە ڕێگەی خوێن، نەریت، یان چینی كۆمەڵایەتییەوە پێكەوە بەستراون. لە شیكاریی بنەچەدا بە زۆریی ڕەگەز یان جۆرێكی كۆمەڵایەتی بەهەند وەردەگیرێت»[2]. گەر وابێ، كاری جینالۆژیست بە دوو ئاراستەدایە، یەكێكیان دەرخستنی بنەچەكان لە دۆخە هەرە بەراییە پەتییەكەیاندا، لە دۆخی "لەدایكبوون"ـدا؛ دووەمیان ڕوونكردنەوەی ئەو هاوكێشە ئاڵۆزانەی كە لە هەلومەرجێكدا "مانای زیادكراو" [دەستكرد] بۆ سەر مانای ئەسڵ زیاد دەكەن و بەم جۆرە هەم مانا ئەسڵییەكەی دەگۆڕن و هەمیش بەم گۆڕانە ئەسڵی دیكە پێكدێنن.

با بەم ڕوانگەیە كۆمەڵگەی بەرایی ئیسلام تێست بكەین: چۆن ئیسلام بووە بە ئەسڵێك بۆ كۆمەڵگەی مسوڵمانان؟ لە جینالۆژیادا وەك **بنەچە**، دەزانین كە پەیوەندیی خوێنی لەنێو هۆزی قوڕەیشدا هەبوو. ئێستا ئەندامێك لەم هۆزە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەكات و دەیەوێت هاوبەندی لەسەر "بنەمایەكی دیكە" بسازێنێت، كە تێیدا پەیوەندییە خوێنییەكە دەمێنێت، بەڵام دەبێت بچێتە نێو "ئەسڵێكی ئەسڵیتر"ەوە، كە خۆی دەستكردە، سیحری ڕەش یان سپییە، پەرجوو یان فێڵە، شیعرە یان وەحی؛ نیچە *ئەسڵی موعجیزەیی Wunderursprung*شی بۆ بەكاردەهێنێت. دیسان ئەمەیش كێشەیەكی ترە: ئەسڵی پەتیی ئیسلام چییە؟ لە ڕووی بنەچەوە سەر بە ئایینە ئیبراهیمییەكانە؛ جوودابیزم و مەسیحییەت (ئەمانیش خۆیان ئەسڵی تریان هەیە). بەڵام بۆ ئەوەی ئیسلام خۆیشی *وەك ئایینێكی ئەسڵی* دابمەزرێت، پێویستی بەوەیە هەندێ شت بۆ سەر ئایینە ئەسڵییە هەرە دێرینەكە، بۆ سەر بنەچە پوختەكەی خۆی زیاد بكات. یەكێك لەم ئیزافە هەرە دامەزرێنەرانە، شێوازێكی نوێ مامەڵەكردنە لەگەڵ پرسی *غەنیمەت* "ئەلئەنفال"ـدا.

ڕەنگە لەم جیاوازییە باشتر تێبگەین گەر كۆتەیشنێكی درێژ لە شیكارییە سەرنجڕاكێشەكەی فوكۆ بگوازینەوە:

---

[1] Michel Foucault, The Foucault reader, edited and translated by Paul Rabino, Pantheon Books, New York, 1984, p.77.
[2] Ibid., p.80.

«بۆچی نیچە کە خۆی جینالۆژیستێکی ڕاستەقینەیە ئاڵنگار دەبێتەوە ز دەیەوێ شوێنی ئەسڵ بکەوێت؟ یەکەم، لەبەرئەوەی ئەوە هەوڵێکە بۆ گرتنی جەوهەری بنەڕەتیی شتەکان، گرتنی ئیمکانە پەتییەکانیان و شوناسە تەواو پارێزگاریلێکراوەکەیان، چونکە وەها گەڕانێك [بەدوای ئەسڵەکاندا] گریمانەی بوونی ئەو فۆڕمە نەگۆڕانە دەکات کە لەپێش جیهانی دەرەکیی ڕووداو و پێشهاتەکانەوەن. ئەم گەڕانەوە ڕووی لەو شتانەیە کە "هەر لە سەرەتاوە لەوێدا هەن"، وێنەی حەقیقەتێکی بەرایی کە بە تەواوەتی لەگەڵ سروشتەکەی خۆیدا تەبایە و داماڵینی هەر ماسکێك لە ماسکەکانی بە زەرور دەزانێت تاوەکو شوناسە هەرە بنچینەییەکەی خۆی دەربخات. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەگەر جینالۆژیست ڕەتی بکاتەوە کە باوەڕی خۆی بە ئەسڵ تاوەکو باوەڕ بە ئەسڵێکی مێتافیزیکییانە بەرین بکاتەوە، ئەگەر جینالۆژیست گوێ لە مێژوو بگرێت، ئەوا دەبینێت کە "شتانێکی تەواو جیاواز"یش لە پشتی شتەکانەوە هەن: نەك وەك نهێنییەکی دەرە-وەخت و جەوهەری، بەڵکو نهێنیگەلێك کە هیچ جەوهەرێکیان نییە، یان جەوهەرەکەیان لە فۆڕمێکدا کە بەرە بەرە لە یەك فۆڕمەوە هاتووە، دروستکراوە. [...]

هەروەها مێژوو فێریشمان دەکات چۆن بە مەزنێتیی ئەسڵ پێ بکەنین. ئەسڵی باڵا چیتر هیچ نییە جگە لە "بەرینبوونەوەیەکی مێتافیزیکی کە لەو باوەڕەوە هاتووە، گوایە شتەکان لە ساتی لەدایکبووندا بەهادارتر و جەوهەریترن". ئێمەیش مەیلمان لەوەیە وا بیر بکەینەوە کە ئەمە ساتی کامڵێتیی هەرە مەزنیانە، ساتێك کە لە دەستی خالقێکدا دەدرەوشێنەوە یان ڕووناکیەکی بێ سێبەرن لە یەکەمین بەرەبەیانی [ی ئافراندنیان]دا. [...] کە هێشتا ساتی ئاوێزانیانە لەگەڵ خواوەندان‌دا. [...] بەڵام سەرەتا یان دەستپێکردنی مێژوویی، هەژار و لاوازە، نەك بەهۆی میانەڕەوی و ئاشتیخوازی و بەخشندەییەکەیەوە، بەڵکو گاڵتەجاڕانە و ئایرۆنیك، لەبەرئەوەی هیچی دیکەی لەدەست نایەت. [...]

ئەسڵ ڕووبەرێکی مەعریفە مومکین دەکات کە وەزیفەی ئەوەیە ئەسڵەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵام بەردەوام لە دانپێدانانێکی هەڵە و لە لەدەمدەرچوونێکیدا دەبێتە مایەی دەرچوون لە گوتەی خۆی. ئەسڵ لە جێیەکدایە کە بە حەتمی لەدەست دەچێت، پنتێك کە تێیدا حەقیقەتی شتەکان تێکەڵ بە حەقیقەتی گوتار دەبێت، ڕەهەندی گرتنێکی ئێجگار خێرا کە گوتار لێڵی دەکات و دواجار لەدەستیش دەچێت»[٣].

لە *واژووی هەموو شتەکان*دا کە کتێبێکە دەربارەی ***میتۆد***، جۆرجیۆ ئاگامبێن بەم جۆرە کۆمێنتی خۆی دەربارەی ئەم ڕوانگەیەی فوکۆ دەنووسێت:

«جینالۆژیا جەنگ دژ بەم ئایدیایە [ئایدیای ئەسڵی پەتی] ڕادەگەیەنێت. وەنەبێ جینالۆژیست ئاوڕ لە شتانێکی وەك سەرەتاکانی دەستپێکردن نەداتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، ئەوەی ئەو "لە دەستپێکی مێژوویی شتەکان"دا دەیدۆزێتەوە، هەرگیز "شوناسی تۆکمە و دەستبۆنەبراوی ئەسڵەکە[بنەچەکە]ی" نییە. [...] "... جینالۆژیست پێویستی بە مێژووە تاوەکو وەهمی ئەسڵ بڕەوێنێتەوە. [...] ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هاوپەیمانیی لە نێوان جینالۆژیست و مێژوونووساندا ڕێك لەوێدا مانای خۆی دەدۆزێتەوە "ئەوەی دەرکراوە، بیگەڕێنێتەوە [واتە بیهێنێتەوە بەرباس]»[٤] (نێو کەوانە بچووکەکان دەربڕینی فوکۆن و ئاگامبێن گواستوونییەوە).

بەم مانایە، جینالۆژیست هەوڵی دۆزینەوەی ڕیشە پەتییەکان دەدات لە ساتی "لەدایکبوون"یاندا، بەڵام باوەڕبوونی بەم ڕیشانە تا میتافیزیکای "حەقیقەتی پەتی" کە دەبێت وەك بەهای ڕەهای هەموو سەردەمەکان، یان وەك دەرە-کات وەری بگرێت، ناهێنێت. چونکە هاوکات جینالۆژیست دەیەوێت هەندێك لەو گرێ کوێرانەش بدۆزێتەوە کە لە دۆخێکی مێژووییدا بەڵگەنەویست و مانا ڕوونەکانیان لێڵ کردووە، بەمەیش داوی بەردەوامێتیی ئەو مانایانە تووشی پچڕان و گۆڕان هاتوون، یان دوای شکان و لادان بەجۆرێکی دی دەستیان پێکردۆتەوە؛ ئەم

---

[3] Ibid., p.78-79.
[4] Giorgio Agamben: The signature of all Things, translated by Luca D'isanto with Kevin Attel, ONE BOOKS, NEW YORK, 2009, p.83-84.

ساتی شکانە لە ئیسلامدا *ڕۆژی فورقان*ـە، ڕۆژی ناکۆکی و ڕاجیایی لەسەر پرسی "ئەلئەنفال" لەنێوان هاوەڵانی پەیامبەردا؛ شکان جوداکردنەوە و جودایەتییە کە ماناکەی لە "فورقان"یشەوە نزیکە، *فورقان* هاوکات ڕۆژی ناکۆکییە و ڕۆژی جودابوونەوەی ئایینە نوێیەکەشە لە ڕیشەکانی خۆی، لە نەریتەکەی، لەبەرئەمە تەیفووری لە پشکنینی ڕەچەڵەکی ئەنفالدا پێیوایە «ئایینە تازەکە بە ناسینی نەریت و لادان لێی خۆی دروست دەکات. ڕۆژی فورقان و دابڕان دەشێ بەم مانایەش بێت، ئەو ڕۆژەی کە ئایینە تازەکە خۆی لە کۆنەکە جوێ دەکاتەوە و ئەڵڵا ئایینەکەی خۆی سەر دەخات»[5]. کەواتە ڕێك بەهۆی ئەم لادان و شکان و فورقانەوە، زەمینەی پێکهاتنی ڕیشەی نوێ دەڕەخسێت کە مانای تریان لەسەر دەڕوێت و حەقیقەتی دیکە دادەمەزرێنن. لە گەڕانەوەدا جینالۆژیست لەمسی ئەم پنتانەی شکان و جودابوونەوە دەکات، بە تایبەتی ئەو لابەبوونەوانەی کە هێشتایش *کاریگەری*یان لەسەر ئێستامان هەیە، بەڵام هاوکات ئەوە دەهێنێتەوە پێشێ کە *دەرکراوە*. ئەمە پارادۆکسی جینالۆژیایە: گەڕانەوە بۆ ئەسڵی پەتی بە مەبەستی لێ داماڵینی ئەو مانا بۆ زیادکراوانەی کە خۆیان وەك "ئەسڵ" پیشان دەدەن (بۆ نموونە گەڕانەوەی جینالۆژی بۆ ئەسڵی ڕەگەزێکی ناسیۆنالیستی، تاوەکو هەموو مانا ساختانەی لێ دابماڵێت کە گوایە ئەسڵین)؛ ئینجا گەڕانەوە بۆ ئەسڵی زیادکراو، بە مەبەستی داماڵینی هەر مانایەکی مێتافیزیکی لە ئەسڵی پەتی:

> «جینالۆژیا بانگەشەی گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەردەوامێتییەکی نەپچڕاو ناکات، بەو مەبەستەی ئەم بەردەوامێتییەی وا گوایە هێشتایش لە پشتی پەرتوبڵاویی شتە لەبیرکراوەکانەوەیە، بهێنێتەوە حزوور؛ ئەرکی ئەو دەرخستنی ڕابردوویەك نییە کە بەشێوەیەکی چالاك لە ئێستاشدا هەیە و بەنهێنی بەردەوامە لە ژیاندنی ئێستا، ڕابردوویەك کە فۆڕمێکی ڕەهای بەسەر هەموو گۆڕانەکانیدا سەپاندووە. [...] بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دوای بڕگەبەندی و دابەشبوونی ئاڵۆزی ڕیشەکان بکەوێت تاوەکو تێپەڕبوونی ڕووداوەکان لە پەرتبوونە بەراییەکەیاندا بپارێزێت؛ ئەمە بۆ ناساندنی ڕووداوەکانە لە ساتی جودابوونەوە و کەرتبووندا»[6].

بەلای جینالۆژیستەوە، مێژوو بەردەوامێتی نییە، واتە هاوکێشەی هۆکار-ئامانج نییە، پتر لێکۆڵینەوەیە لە زەمینەی دروستبوونی ڕیشەکان لە بنبەستە مێژووییەکاندا، لە هێڵەکانی شکان و شکانەوە و دابەشبوونیاندا. هێڵی شکانەوە واتە لادان لە ئاراستەی شتێك کە بەرەو ڕووگەیەك دەجوڵێت، بۆ نموونە کاتێك "ئەلف" دەکەوێتەگەڕ ڕووی لە "ج"ـە بەشێوەی ڕاستەهێڵێك ئەو مەودایە دەبڕێت و دیسانیش بەرەو پنتی تر بەرەوپێش دەچێت. شکان یان وەرچەرخان واتە ئەلف کاتێك دەکەوێتەگەڕ، ڕووی لە "ج"ـە، بەڵام زەبرێك یان هێزێکی ڕاکێشان تووشی لادانی دەکات و بەرەو جێیەکی تر، بەرەو چاوەڕواننەکراوییەك، بۆ نموونە بەرەو "د" خواری دەکاتەوە؛ یاخود ئەلف دووچاری پچڕان دێت و بەسەر "ت" و "ق"ـدا دابەش دەبێت؛ بەمەش دەبێت بە *شکستەهێڵ*، بە تەفرەقە، بە فورقان کە ئاراستەی مێژوو یان دۆخێك دەگۆڕێت. مێژوو بۆ جینالۆژیست تۆڕێکی پێکهاتوو لە هێڵی پێچاوپێچە. هەر خاڵێکی شکانەوە و دابەشبوون خاڵی چەکەرەکردنی ڕیشەی نوێیە؛ بەم مانایە، ڕابردوو بابەتێك نییە بۆ *پەیڕەوپێلێکردن*، پتر زەمینەی دۆزینەوە یان سازکردنی کەرەستەکانی *تەفسیرە*. ئەمە هەمان ئەو میتۆدەیە وا نیچە نەك تەنیا وەك فەیلەسوف، بەڵکو وەك فیلۆلۆگێکیش "جینالۆژیای ئەخلاق"ـی پێ کەشف کردووە.

جینالۆژیا لە شێوە بەراییەکەیدا میتۆدێکی فیلۆلۆژییە بۆ لێکۆڵینەوە لە واتای بنچینەیی و شێوەگرتنە سەرەتاییەکانی زاراوەکان و ئینجا پیشاندانی گۆڕانە فۆڕمەکی و واتاییەکانی زاراوەکان بە گوێرەی پەرەگرتنەکانی دواتریان. نیچە وەك فیلۆلۆژێکی لێهاتوو ئەم میتۆدەی بۆ نێو فەلسەفە گواستۆتەوە، بەو مەبەستەی نەك تەنیا زاراوەکان، بەڵکو کاریگەریی سەرهەڵدانی زاراوەکان لەنێو سیستەمە ئەخلاقییەکاندا، لەسەر ژیان و زەینی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە. ئەم ڕیشەی سەرهەڵدانانە *تەنگژەکان*ن، نەك *ئامانجەکان*. بۆ نموونە گەر یاسا بانگەشەی ئەوە بکات ئامانجەکەی ڕێگریی لە "تاوان"ـە، ئەوا لە جینالۆژیادا، ڕیشەکانی سەرهەڵدانی یاسا پرسێکی لەمە ئاڵۆزترە؛ هۆکاری سەرهەڵدانی شتێك ئامانجەکەی نییە، شتێکی دیکەیە. لە *جینالۆژیای ئەخلاق*دا نیچە بەم جۆرە ئەم پرسە ڕوون دەکاتەوە:

---

[5] مەنسوور تەیفووری: ڕەچەڵەکناسیی ئەنفال، پێشەکییەك بۆ ئابووریی سیاسیی ئیسلام، ماڵی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و فەلسەفە، چاپی یەکەم، تاران ٢٠٢٣، ل٨١-٨٢.

[6] Foucault, Op. Cit., p.81.

«ئامانج له قانوون دوایین شته که دەبێت بۆ کەشفکردنی مێژووی لەدایکبوونی قانوون(ێك) بەکاربهێنرێت. هۆکاری سەرهەڵدانی شتێك لەلایەك و، دوا مەبەست لێی و بەکارهێنانی و ریزبەندکردنی لەنێو نەزمی ئامانجەکاندا لەلایەکیتر، دوو پرسی تەواو جیاوازن. شتێك کە هەیە و بە هەر جۆرێك گەیشتبێتە ئەو دۆخەی وا ئێستا تێیدایە، ئەو توانا [و هێز]ەی وا لەسەری باڵادەستە بە گوێرەی بۆچوون و مانای نوێ تەفسیری دەکات؛ بە جۆرێکیتر دای دەڕێژێتەوە، دووبارە پێکی دەهێنێتەوە و بەرەو ئامانجی نوێ ئاراستەی دەکات»[٧].

تەیفووری لە بەرهەمەکەیدا رێك بەم جۆرە خەریکی ڕوونکردنەوەی یەك گریمانەیە: ئەنفال لە ئیسلامدا هاوکاتی پاراستنی ریشە نەریتییەکانی چارەسەکردنی کێشەی غەنیمەت، بەرهەمی پچڕان، جودابوونەوە، کەرتبوونێکیشە لە بەردەوامێتیی ئەو ریشانە لە ڕۆژی *فورقان*دا، ئەمەیش لە ڕووداوێکدا ڕوودەدات کە ئاڵۆزییەکی دەستەپاچەکەر دەهێنێتە پێش و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێتە *ریشەیەکی نوێی دامەزرێنەر*. کەواتە ئەنفال بە گوێرەی سەرهەڵدانی ئایینێکی نوێ، کە هێزێك دەیەوێت بیسەپێنێت، مانایەکی نوێ وەردەگرێت. ئەم هێزە دووبارە مانای زاراوەکە دادەرێژێتەوە، تەفسیری دەکاتەوە، بەرەو مەبەست و ئامانجی نوێ ئاراستەی دەکات و مانا نوێیەکەش *دەقانوونێنێت*. قانوون [تەشریع] بۆ ئەوە نییە چاکەیەك، یان ئامانجێك دەستەبەر بکات؛ قانوونە نوێیەکەی ئەنفال تەنگژەیەك، بنبەستێك، دۆشدامانێك دەیخوڵقێنێت، واتە ئامانجێکە دواتر بۆ لابەلابوونەوەکە دادەنرێت. خاڵی ئەم تەنگژەیە بەڵێنی پەیامبەرە بە هاوەڵانی لە یەکەمین چالاکیی سەربازیی خۆیدا، بەڵێنی "دەستکەوت"، یان *غەنیمەت* لە دوای غەزای بەدر. بە گوێرەی قانوونەکانی پێشتر، غەنیمەت *دەستبۆنەبراو*، جۆرێك تابوو یان حەرام بوو، بەڵام قانوونە نوێیەکە *غەنیمەت بۆ هاوەڵانی پەیامبەر حەڵاڵ دەکات*. لەم ڕوانگەیەوە، تەیفووری پێیوایە ریشەی ئەنفال کە دەبێتە مایەی دارشتنەوە و گۆڕان لە واتای زاراوە کۆنەکەدا، نەك پرسی **ئیرادەی هێز** بەو جۆرەی کە لای نیچە هەیە، بەڵکو پرسێکی ئابووریی-سیاسییە.

لەگەڵ ئەمەیشدا کە کارەکەی تەیفووری لەنێو نەریتی ڕەچەڵەکەناسیدا جێ دەگرێت، بەڵام پێدەچێت ئەو میتۆدەکەی لە دوایین فۆرمە پەرەسەندووەکەیەوە وەرگرتبێت بەو جۆرەی کە لە لێکۆڵینەوەکانی ئاگامبێندا هەیە، بە تایبەتی لە شێوازە پەیڕەوکراوەکەیدا لە چەند بەرگێکی زنجیرەکتێبی *هۆمۆساکەر*دا. ئەڵقەی نێوان جینالۆژیای نیچە و جینالۆژیای ئاگامبێن، فوکۆیە. باشتر بڵێین، ئەوەی ڕەچەڵەکناسی بۆ ئاگامبێن کردووە بە میتۆدێکی قابیلی بەکارهێنان بۆ پشکنینی هۆمۆساکەر، فوکۆیە. لە دوای بەکارهێنانی میتۆدی *ئارکیۆلۆژی*، فوکۆ لە دوایین بەرهەمەکانیدا، نەك تەنیا دەربارەی "ڕەچەڵەکناسی" دەنووسێت، بەڵکو وەك میتۆدێکی لێکۆڵینەوە پەیڕەوی دەکات. لە پێشەکی بەرگی دووەمی *مێژووی سێکسواڵێتی*دا بە کورتی دەربارەی زەروورەتی گۆڕینی ***میتۆدی*** لێکۆڵینەوەکەی لە بابەتی سێکسواڵێتی لە ئارکیۆلۆژیاوە بۆ جینالۆژیا دەدوێت؛ وەك خۆی دەڵێت «نەك بە مەبەستی دووبارە دروستکردنەوەی مێژووی هەڵسوکەوت و مومارەسەکان» بەڵکو بۆ ئەوەی لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی دووربکەوێتەوە، گلوخولی بەڵگەنەویستییە باوەکەی بدات و نێوکۆییە تیۆری و پراکتیکییەکەی شیکار بکات[٨] تاوەکو چۆنیەتی *پێکهاتنی مێژوویی **حەقیقەتەکەی*** پیشان بدات. لەم ڕوانگەیەوە پرسیاری سەرەکی فوکۆ ئەوەیە: چۆن حەقیقەتی شتێك لە ڕابردوودا بووە بە حەقیقەت؟ ئاوا وەڵام دەداتەوە:

«من ئەم هەڵوێستەم هەڵبژارد، چونکە وام دانا کە دواجار ئەوەی دەبێت پێوەی پابەندبم دەرخستنی هەندێ لەو ڕەگەزانەیە کە لە مێژووی حەقیقەتدا هەن. مێژوو مێژووی ئەو زانینانە نییە کە دەشێت دروست و ڕاست بن، بەڵکو شیکاریی "گەمەکانی حەقیقەت"ـە. گەمەی دروستی و هەڵە کە لە ڕێگایانەوە "بوون" بەشێوەی مێژوویی وەك ئەزموون پێکدێت»[٩].

تەیفووری لە بەرهەمەکەیدا نێوکۆیی مێژوویی ئەو ڕووداوە شیکار دەکات کە لە ڕێگەی گەمەیەکی حەقیقەتەوە مانایەکی نوێ بۆ ئەنفال دەردەکەوێت، ئەمەیش وەك ئەو ڕوونی دەکاتەوە، بنەمای جێگیربوونی ئایینە تازەکەیە وەك نەزمێکی نوێی حەقیقەت. کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن ئایینێکی تازە وەك "قانوون" یان

---

[٧] فريدريش نيتشه، في جينالوجيا الأخلاق، ترجمة: فتحي المسكيني، المركز الوطني للترجمة، دار سيناترا، تونس، ٢٠١٠، ص ١٠٦.
[٨] ميشيل فوكو: تأريخ الجنسانية، استعمال المتع، ترجمة: محمد هشام، افريقيا الشرق، المغرب, ٢٠٠٤، ص٥.
[٩] المصدر نفسه، ص٨.

وەك "حەقیقەت" پێکهات؟ بەلای سلاڤۆی ژیژەکەوە حەقیقەتی پەیامبەرێتیی پەیامبەر، پێویستی بە "سەلماندن"ێك هەیە؛ سەلمێنەرەکە ژنە. پەیامبەر حەقیقەتەکەی دەرکەوتووە، بەڵام خۆی نازانێت چییە، بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتە ببێت بە حەقیقەت، دەبێت خەدیجە پێی بڵێت و دانی پێدا بنێت، دەبێت *شاهیدی* بۆ بدات و *شایەتومانی* پێ بهێنێت. بەڵام بێ دواکەوتن دەبێت ئەم حەقیقەتە بیشچەپێنرێت تاوەکو پەیامبەر ڕاستەوخۆ و بێنێوانگر، بە خوداوە ببەسترێتەوە. تەیفووری جۆرێکی تر بۆی دەچێت: ڕووداوەکە ئێوارەی جەنگی بەدرە و تەنگژەیەك لەسەر "غەنیمەت" دروست دەبێت: دەبێت چی لەم غەنیمەتە بکرێت؟ لە نێو سێ ڕای پێکدژدا، هیچ کەس پرسەکەی بۆ یەکلایی ناکرێتەوە. لێرەدایە کە پەیامبەر دەبێت لای خوداوە پەیامی بۆ بێت و پەیامبەریی خۆی بۆ هەمووان بسەلمێنێت؛ دەبێت ئەو بزانێت چی لە غەنیمەتەکە بکەن. توانای یەکلاکردنەوەی پرسی غەنیمەت، دەبێت بە سەلمێنەری حەقیقەت؛ حەقیقەتێك کە هەمووان بۆ ئەوە چووبوون بزانین ئاخۆ دەسەلمێت یان نا.

## غەنیمەت: لە خودای چەپێنەرەوە بۆ خودای بەخشندە

*مانای بۆ زیادکراو* کە پێکهاتنێکی ڕووداوەکیی ڕیشەی نوێیە، لای تەیفووری لەسەر بنکی مانایەکی "چەپێنراو" دروست دەبێت، شتێکی وەکو ئەوەی ئاگامبێن لە کۆتەیشنەکەی سەرەوەدا پێی دەڵێت "دەرکراوە و جینالۆژیست دەیهێنێتەوە بەر باس". بەڵام "دەرکراو"، لای ئاگامبێن پتر لەنێو پارادایمی سیاسیدا تاوتوێ دەکرێت، لە کاتێکدا لە فۆرمە فرۆیدییەکەیدا واتای *دوورخستنەوە و کپکردن*ـە وەك میکانیزمی دەروونی و لای هیگڵ هەمان *نەفی*ـیە وەك یاسای دیالەکتیکی. تەیفووری لێکۆڵینەوەکەی بە فرۆید (یان ڕوانگەیەکی فرۆیدۆ-ژیژەکی) دەست پێدەکات و لە هەندێ ساتدا دیالەکتیکی دەبێتەوە و بە ئاگامبێنیش کۆتایی پێ دێنێت.

کورتەی هایپۆتێزەکە بەم جۆرەیە: بۆ ئەوەی ڕیشەیەکی نوێ بۆ *غەنیمەت* پێك بهێنرێت، دەبێت مانا *ئەسڵی*یەکەی غەنیمەت، یان چارەسەرە نەریتییەکەی، بچەپێنرێت. تەیفووری بە نموونەیەکی فرۆیدی ئەمە ڕوون دەکاتەوە: یەهودییەکان ئەو حەقیقەتەیان چەپاند کە موسا میسرییە نەك عیبری؛ تەنیا بەم جۆرە بوو ڕەچەڵەکیی عیبرانییەت، یان جوودایزم پێکهات. لە ئیسلامیشدا دەبێت چەپاندنێك ڕوو بدات تاوەکو ئەنفال دەربکەوێت؛ ئەم جارە شاردنەوەی باوانی "محەمەد" نییە، هەر بە سادەیی دوورخستنەوەی ژنیش نییە لە ڕووداوە بەراییەکانی شێوەگرتنی ئایینەکە لە یەکەمین چرکەساتی خۆیدا بە گوێرەی ڕوانگە ژیژەکییەکە (کە تەیفووریش شیکارییەکەی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت) بەڵکو هەڵکەوتنی ساتێکی دیکەیە کە ژن دەبێت بە بەشێك لە "موڵك و دارایی"؛ کەواتە گریمانەکەی تەیفووری ئەوەیە کە «ئەم چرکەیەی دووەم لە شەڕی بەدردا ڕوودەدات، کاتێ دیمەنێکی بنچینەیی نێو نەریتی تەوراتی دووپات دەبێتەوە و ئیسلام دەبێت شوێنی خۆی تێدا دیاریی بکات». لەبەرئەمە، نووسەر ڕووداوەکانی ئەم جەنگە بە وردی دەگێڕێتەوە تاکوو وەك دەڵێت «بکرێ ڕاڤەیەك بخەینە ڕوو کە بتوانێ چەپێنراوێکی دیکە نیشان بدات کە توانای ئەوەی هەبێت هاوکاتی پشتڕاستکردنەوەی گریمانەکەی ژیژەك، لێیشی تێپەڕێت»[١٠]. ئەم تێپەڕاندنە واتای تێپەڕینە لە شیکارییەکی دەروونیی پەتی بەرەو شیکاریی ئابووریی سیاسی کە دواجار سیاسیکردنەوەی تێزەکەیە بە کۆمەکی ئاگامبێن.

بەڵام لە هەر بارێکدا، ئەوە کێیە دەچەپێنێت؟ یان وردتر بڵێین: چ دەسەڵاتێك توانای چەپاندنی هەیە؟ لە شیکاریی فرۆیدیدا ئەوە دەسەڵاتی "باوك"ـە، تەنانەت دوای کوشتنیشی، یان با بڵێین بە تایبەتی دوای کوشتنی. لە نەزمی کۆمەڵگەی بەرایی پێش-شارستانیدا باوك خاوەنی هەموو مێینەکانە، بۆ ئەمەیش بەنێو چەپاندنی ئارەزووی سەرەتایی کوڕەکاندا دەڕوات. ئارەزووی کوڕەکان شەڕەنگێزانە دەگەڕێتەوە و لە گەلەکۆمەیەکدا باوك دەکوژن. دوای کایۆسێکی کاتی، گرێی هەستکردن بە تاوان دروست دەبێت. بۆ ئەوەی ئەم کردەیە و ئەم ئازارە ڕوونەداتەوە، نەزمی تەوتەم و تابۆ سەرهەڵدەدات کە گەرەنتیی پیرۆزیی باوکە. باوك کە بووە بە تەوتەم دیسانیش دەچەپێنێت، ئەمجارەیان نەك تەنیا ئارەزوو بەرامبەر مێینەکان، بەڵکو ئارەزووی کوشتنی خۆیشی. زەمەن بەوە لە ئازاری هەست بە تاوان کەم دەکاتەوە کە نموونەیەکی باڵا بۆ دەسەڵاتی ڕەهای باوکی یەکەم دروست بکرێت و هەمووانیش ملکەچی بن، واتە دروستکردنی خوداکان بە پاڵپشتی دەسەڵاتی ئەو کەسانەی کە

---

[١٠] مەنسوور تەیفووری: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

کەمێك لەوانی تر بەهێزترن[11]. شرۆڤەی حیکایەتی موسا، کە تەیفووری وەك نموونەی ڕوونکەرەوەی تێزەکەی پشتی پێبەستووە، لەم زەمینە فرۆیدییەوە هاتووە؛ ئەمەیش چرکەیەکە کە لەو ساتەدا وا هاوەڵانی پەیامبەر داوای "بەشکردنی غەنیمەت"ـەکەی جەنگی بەدر دەکەن، دووبارە دەبێتەوە:

«دەشێت بڵێین ئەمە ئەو چرکەیە کە کوڕان یاخی دەبن و داوای بەشکردنی غەنیمەت دەکەن. بگرە هەندێکیان داوای هەمووی دەکەن. بۆ فرۆید، دیمەنی کوشتنی باوك لە کۆمەڵەی سەرەتایی و کوشتنی باوك پاش هاتنەدەر لە میسر، هەردووکیان چرکەی قەیرانی نەزم و پێویستیی دانانی شەرعی نوێن بۆ جێگیرکردنەوەی نەزم و سەقام»[12].

غەنیمەتێك کە بە پێی تەشریعی عیبرانییەت دەبوو وەك پەیکەری گوێرەکەکەی سامیری (هاروون بە گێرانەوەی تەورات) بسووتێنرێت و بەژێر خۆڵەوە بکرێت، ئێستا هاوەڵان داوا دەکەن بەسەریاندا ببەخشرێتەوە؛ لەسەر ئەمە ناکۆکی دروست بووە. دەبێت دەسەڵاتێك هەبێت بڕیار بدات، حوکمەکەیشی پیرۆزبێت و بێ چەندوچوونی زیاتر قبوڵ بکرێت. عیبرانییەکان جارێکی تر بۆ گوێرەکەکە ناگەڕێنەوە، خودای تاکوتەنیای موسا قبوڵ دەکەن و دەبن بە گەلی هەڵبژێردراوی. لە شرۆڤەی فرۆیددا ئەم تەشریعە بەهۆی کوشتنی خودی ڕزگارکەرەوە ڕوودەدات (باوك-خودا-نێردراوی بێنوانگیری خودا). ئەم کوشتنەی موسا مەتەڵی یەهودییەتە. باوك-خودا بەهۆی کوشتنەکەی و گەڕانەوەی تارماییەکەیەوە دەگاتە ئەم پێگەیەی دەسەڵات کە بتوانێت ئارەزووی گەلی جوو بۆ پەرستنی گوێرەکەی زێڕین، تواوە و فۆڕمپێدراوی غەنیمەت، بچەپێنێت. بەڵام لە ڕوانگەی فرۆیدەوە کە تەیفووریش پشتیوانیەتی، کۆتایی ئەم شرۆڤەیە بۆ مێژووی ئیسلام دروست نییە:

«ئیسلام، وێڕای ئارەزووی خودا و وێڕای ئارەزووی نەریت، غەنیمەت حەڵاڵ دەکات و داوا دەکات کە زیندانییەکان خوێنبایی بدەن. لە چرکەی دووپاتبوونەوەی کوشتنەکەدا، کاتێ گوێرەکەکە دەبێ بسووتێنرێ، وێڕای ویستی خۆی، خودا ئارەزووی کوڕان دەسەلمێنێ و غەنیمەت بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ دەکات- تەنیا کەسانێك کە ئەم مەنعەیان لەسەر هەڵگیراوە. لەگەڵ ئەم بەتاڵکردنەوەی ئایینی کۆندا، ئەڵڵا لە یەهووە بەخشندەتر دەردەکەوێت، وەك فرۆید پێی زانیبوو»[13].

ئەڵڵا و پەیامبەرەکەی لە بنەڕەتدا خاوەنی هەموو غەنیمەتەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی خودا بەخشندەیە، لەبەرئەوەی تەنیا "پێنجیەك" (خومس)ی غەنیمەتەکەی *خۆی* بۆ خۆی دەوێت و چوار بەشەکەی دیکەی پێشکەش بە کوڕەکان دەکات، ئەوا هەر پێویستییەك بۆ کوشتنی خۆی هەڵدەپەسێرێت. وەك تەیفووری دەڵێت لە ئیسلامدا «باوك تەسلیم بە ئارەزووی کوڕەکانی دەبێت». باوك لە ئیسلامدا پێویست نییە بکوژرێت، مادام وەك باوکی تەماحبازی فرۆیدی نییە و مۆنۆپۆلی هەموو غەنیمەتەکە ناکات؛ مادام بۆ گەلی هەڵبژاردەی خۆی، کە لە گەلی هەڵبژاردەی یەکەم "هەڵبژێراوتر"ن، ئەوەی حەڵاڵ نەکرابوو، حەڵاڵی دەکات. ئا ئەمە چرکەساتی دووەمە، چرۆکەساتە نا-فرۆیدییەکە. لەم ڕوانگەیەوە، بنچینەی شێوەگرتنی خودا لە ئیسلامدا، هاوکێشەی چەپاندن-کوشتن، تەوتەم-تابۆ، لاشە-تارمایی نییە، بەڵکو هاوکێشەی "غەزا-خەڵات"، وردتر بڵێین: "غەنیمەت-پاداشت"ـە، غەنیمەت وەك پاداشت. بەم مانایە، خودا لە ئیسلامدا چەپێنەر نییە، بەخشندەیە؛ خودای "غەزەب" نییە لەسەر گەلی خۆی، بەڵکو خودای "ئاوارتاندن"ـی گەلی خۆی، ئاوارتاندنی ئوممەتی پێغەمبەرەکەیەتی. ئاخۆ ئەمە دژ بە وتەکەی دێریدا کە پێیوایە "چەپاندن ناچەپێنرێت"، "چەپاندنی چەپاندن"ـە، یان بە پێچەوانەوە کۆتایی چەپاندنە؟ هیچیان نییە، خودا حەرام و چەپاندنی بۆ ئوممەت هەیە، بەڵام بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی "غەزا"ن، ئەوانەی کە دەتوانن، بەڵام ناچن بۆ جیهاد؛ ئەمانە لە غەنیمەتیش بێبەش دەبن. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی جیهاد دەکەن، دەتوانن دەست بۆ ئەو شتە ببەن کە لە *باری ئاسایی*دا "حەرام"ـە. جیهاد، بەو پێیەی هەمیشەییە، بەو پێیەی *دۆخێکی ئاوارتەی* هەمیشەییە، ئەوا دەتوانێت هەموو جارێك حەرام حەڵاڵ بکاتەوە. گەر ئەم گریمانەیە لایەنیکەم بۆ سەرەتای ئیسلام ڕاست بێت، ئەوا مانای وایە لە ئیسلامدا خودا بە "قەدەغە" [چەپاندن] دروست

[11] سيغموند فرويد: الطوطم و التابو، ترجمة: بو علي ياسين، دار الحوار للنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، سورية الاذقية، ١٩٨٣، ص١٧٥.
[12] مەنسوور تەیفووری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.
[13] هەمان سەرچاوە، ل١٤٠.

نابێت، بە "پاداشت"، "بەخشندەیی"، "خەڵات" دروست دەبێت و باوەڕی پێ دەهێنرێت. کەواتە ئەمە بەرەنجامە نەك تەنیا "چرکەساتێکی نافرۆیدی"، بەڵکو ئاخۆ کێشەیەکی ڕیشەیی بۆ تیۆرەکەی فرۆید و گریمانەکەی تەیفووری خۆشی دروست ناکات؟ ئاخۆ هەموو دیمەنەکە هەڵناگەڕێنێتەوە؟ تەیفووری خۆی دەرکی بەمە کردووە:

«لێرەدا دەشێت بگوترێت کە غەنیمەت لەگەڵ دەستکەوتدا یەکسانە، واتە لە دەقی قورئاندا یەکەم ئایەت" داهات"ی شەڕی بەدر وەك "ئەلئەنفال" ناو دەبات، بەڵام وەحییەکەی سبەینێ ئەم "داهات"ـە بە "غەنیمەت" ناو دەبات. واتە "ئەلئەنفال دەگۆڕێت بۆ غەنیمەت و بەم جۆرە غەنیمەت و دەسکەوت دەبن بە یەك و یەك دادەپۆشن و جیاوازییان لەنێواندا نامێنێت. [...].

پاش ئەوەی کە ئیسلام بە فتووحات پەرەی سەند و وڵاتان و ناوچەی جیاوازی گرتەوە، غەنیمەتیش پەرە دەستێنێ و فرەجۆر دەبێت و بە پێی ئەو شتەی کە "غەنیمێنراوە" تیۆر و دابەشکاری و لقی جیاواز پێویست دەبێت»[١٤].

دەستکەوت/غەنیمەت جووتمانا قورئانییەکەی ئەلئەنفال، بەردەوام "ڕوو لە زۆری"یە؛ هەتا غەزای زیاتر بکرێت، شوێنی نوێ بخرێتە سەر قەڵەمڕەویی ئایینە نوێیەکە، دەستکەوت زیاتر دەبێت؛ بەخشندەیی خودا لێرەدا دەردەکەوێت. خودا باوکێکی چەپێنەری فرۆیدی نییە، بەڵکو بەخشندەیەکە بەردەوام غەنیمەتی زیاتر بۆ بەندەکانی دابین دەکات. لە لێکۆڵینەوەکەی تەیفووریدا غەنیمەت ناوی "زێدەبەها"یە؛ کەواتە بنەمای لەدایکبوونی جۆرێك ئابووریی سیاسییە کە بۆ گەلەکەی نەك چەوسێنەر نییە، بە پێچەوانەوە، دەستئاوەڵا و ڕەواکەرە: *تیۆری خەڵات* یان *ئابووریی غەزا*. وێڕای ئەوەی تەیفووری خۆی مەیلی لەوەیە ناتەبایی نێوان *تیۆری چەپاندن* و *تیۆری خەڵات* نیشان بدات، بەڵام لە بەرهەمەکەیدا چارەسەری ئەم تەنگژەیە هەر بە ناڕوونی دەمێنێتەوە (دواتر بۆ ئەم باسەش دەگەڕێینەوە)

## غەزا: ئابووریی خەڵات

ئێستا دەبێت بپرسین: مادام ئەوەی دەقانوونێنێت، ئەوەی دەغەنیمێنێت، ئەوەی غەنیمەت وەك دەستبۆبراوێکی حەڵاڵ بۆ موسوڵمانان دەشەرعێنێت، باوکێکی بەخشندەیە، کە بە *خەڵات*، نەك بە *تەوتەم*، هێزی خۆی نیشان دەدات، کەواتە ئەم بەخشندەییە، چۆن نەزمێکی ئابووریی سیاسی دادەمەزرێنێت؟ لە پێشەکیی بەرهەمەکەیدا تەیفووری بە کورتی ئەو ڕوانگەیەی ماکس ڤێبەر دەخاتە ڕوو کە لایوایە "ڕیشەکانی سەرمایەداری" وا لە ڕێنماییە بەراییەکانی پەیامبەرانی مەسیحیدا و بە تایبەتی قەشە پۆڵس؛ هەمان ئەو ئەخلاقە دێرینەی کە وەك "عیبادەت" ستایشی "کار" دەکات و لە سەدەکانی دواتردا پاشەوپاش ناوی لێ دەنرێت **پرۆتستانیزم**، ئەخلاقێك کە هەر لە سەرەتاوە ڕۆحی سەرمایەداریی تێیدا نووستووە. تەیفووری بەدوای ساتێکی بەرایی لەم جۆرە لە ئیسلامدا دەگەڕێت. ڕوونتر بڵێین، دەیەوێت ڕیشەکانی "سەرمایەداریی ئیسلام" کەشف بکات. ڕیشەی ئەم سەرمایەدارییە لە "غەنیمەت"دا دەبینێتەوە وەك ڕووبەرێك بۆ لەدایکبوونی *زێدەبەها*. لەم مانایەدا زێدەبەها ئەو پاداشت و زێدە-سامانەیە کە لە پای غەزادا دەستی جیهادکەران دەکەوێت؛ واتە *کرێ* نییە لە بەرامبەر کاردا، تەنانەت لە بەرامبەر جەنگدا، "مورتەزەقە"یی نییە کە جەنگاوەران بە پارە و لەبری پاداشتێکی گرێبەستیانە بجەنگن؛ لەوە گرنگتر، بەخششێکە لە غەزادا کە لە هەردوو دنیاکەدا پاداشتی هەیە و لە هەر کرێیەکیش بەهاکەی زیاترە. زێدە-سامانێك کە خودا بە بەخشندەیی خۆی بۆ گەلەکەی ڕەوای کردووە و پێمباشە لێرەدا بە کۆمەکی ژۆرژ باتای ناوی لێ بنێم *ئابووریی سیاسیی بەخشش* (من لەم وتارەدا وەك هەوڵێك بۆ تۆکمەکردنی تیۆرەکەی تەیفووری شرۆڤەی دەکەم). ژان بۆدریار بنەڕەتی ئەم ئابوورییە بەخشندەیە لای باتای ناو دەنێت "بنەمای هەتاوی"، مەبەستیش لێی بەخشندەییەکە وەك هەتاو، وەك خۆر. بەلای باتایەوە تاکە یاسای گەردوونی کە هەبێت بەخشینەوە یان تەخشانوپەخشانکردنی سامانی ئابوورییە بەشێوەی "قوربانی"؛ ئەوەی توانای قوربانی هەیە "سەروەری"ی *sovereignty* هەیە:

---

[١٤] تەیفووری: هەمان سەرچاوە، ل١٤٣-١٤٤.

«ئایدیا سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئەو ئابوورییەی وا لە کۆمەڵگەکانماندا باڵادەستە، بەرەنجامی لادانێکە لە فیکرێکی مرۆیی بنچینەیی، کە بنەمای هەتاوییە و لە دەستئاوەڵایی [بەفیڕۆدان]دا خۆی دەنوێنێت. فیکری باتای ڕاستەوخۆ بەرامبەر ئابووریی سیاسی پەتی دەبێتەوە تاوەکو دەگات بە بەرەنگاربوونەوەی بنەمای مێتافیزیکیی ئابووری: واتە سوود. لە بنەڕەتدا ئەوەی لە ئابووریی سیاسیدا خوازراوە سوودە؛ ئەمە وا دەردەکەوێت بنەمایەکی پۆزەتیڤی سەرمایەدارییە: کەڵەکەکردن، وەبەرهێنان و خەرجکردن، کە هەموو کۆمەڵگەکانی پێشووتریش بەخۆیانەوە بینیوویانە، ئەمەیش دەستنوقاوی و دەستکورتییەکی بێوێنەیە کە مرۆڤ لە سەروەری خۆی جودا دەکاتەوە. ئابووریی هەر لە بنەڕەتی خۆیدا بۆ ئەوە نییە ببەخشرێت، بۆ ئەوە نییە ببێتە ئۆبێکتی قوربانی. [...]

باتای کەڵکەی ئەوەی هەبوو بزانێت ئابووری (سەرمایە)، کە خۆی بە تەخشانوپەخشانکردنی بێهودە هاوسەنگ دەکاتەوە، بەڵام هێشتایش لە سوود خاڵی نییە، کەوایە هیچ مۆرکێکی قوربانیدان و قوربانی (واتە جەنگ و دەستبڵاوی و بەفیڕۆدان)ی پێوە نییە، داخۆ دینامیکییەتی قوربانی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر نابیڕێت و لە دڵیدا نییە؛ ئاخۆ ئابووریی سیاسی دواجار چییە جگە لە گۆڕاوێك دژ بە تاکەیاسای گەردوون کە یاسای دەسئاوەڵاییە؟»[15].

بۆدریار ئابووریی جەنگ[16] و قوربانی لای باتای هاوشوناس دەکات، بەڵام ئەمە بە ئاڵۆزییەکی زۆردا تێیدەپەڕێت. باتای لایوایە قوربانی بە مانای «دەرهێنانی شتێك لە جیهانێکی ئۆبێکتەکانە و گەڕاندنەوەیەتی بۆ جیهانی ناونشینیی ئەسڵیی موقەددەس». واتای ئەم ڕستە ئاڵۆزە دەکرێت ئەمە بێت: مرۆڤ لە ڕێگەی "کار"ەوە ئاژەڵەکان و پێدراوەکانی نێو سروشت دەکات بە کەرەستە بۆ خۆی، دەیانکات بە ئامراز لە خزمەتی ئارەزوو، خواست، پێویستییەکانیدا. بەڵام جۆرێك ناونشینیی ئەسڵی هەیە کە مرۆڤ هێشتا بە خود-ئاگاییەکەی، خۆی لێ جودا نەکردۆتەوە و بەهایەکی لە بەهای شتەکان زیاتری بەخۆی نەداوە، هێشتا نەبووە بە سەروەری ئامرازەکان، بەڵکو لەنێو هەمەجۆریی بووندا لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لە هەمان سەتحدا ژیاوە کە بێ ئەوەی هیچ هەستێکی گوناهـ، بێ هیچ یاسایەکی مرۆیی، بەشێوەی *توندوتیژییەکی ناوەکی*[غەریزەیی] پەلاماری ئەوە دەدات کە دەیخوازێت. بەهۆی گەشەکردنی جیهانی مرۆییەوە لە ڕێگەی "کار"ی بەکۆمەڵەوە ئەم ناونشینییە دەپچڕێت و مرۆڤ دەبێتە "سەروەری گەردوون" [السید الکون]. بەڵام ساتە سەرەتاییەکە بەشێوەی کێشە و تەنگانە و ئازار دەگەڕێتەوە، دێتەوە بەردەمی سوبێکت.

کۆمەڵگەی مرۆیی سروتی قوربانی وەك جۆرێك ڕێوڕەسمی گەڕانەوە بۆ ئەم ناونشینییە داهێناوە. بەو پێیەی ئەمە گەڕانەوەیە، خۆخاکیکردنەوەیە بۆ پێگەیەکی نا-مرۆیی، بۆ پێگەی ئاژەڵی، ئەوا مرۆڤ لەبەردەم هێزێکی گەورەتردا ئەم گەڕانەوەیەی سەلماندووە؛ *خودا*. بەم جۆرە ڕێوڕەسمی قوربانی دەبێتە سروتێکی *موقەددەس*، دەبێتە شادی و ئاهەنگگێڕانێکی ئایینی بە بۆنەی کەمبوونەوەی باری ئازار و هەستی گوناهباری، دەبێت نەك تەنیا بە هۆی گەڕانەوە بۆ بەرائەتێکی سەرەتایی، کە ئەگەر مرۆڤ تەنانەت تێیدا دڕندەش بووبێت، ئەوا دڕندەییەکەی غەریزەیی، نەك هۆشیارانە و گوناهبارانە بووە، بەڵکو قوربانیکردن نیشانەی دەستئاوەڵایی مرۆڤ و سەروەرییەکەیەتی بۆ تەفروتوناکردنی موڵکەکەی. شادی و ئاهەنگ لە ڕێوڕەسمی قوربانیکردندا ناونراوە *جەژن*: مرۆڤ لە جەژندا دەیەوێت بۆ خۆی یان لە بەردەم خوادا بیسەلمێنێت کە جیهان ناکات بە ئامراز، تەماحی لە ساماندا نییە، بە پێچەوانەوە، سەرف دەکات، بەکاردەبات، دەخوات، و دەبەخشێتەوە، مومارەسەی دەستبڵاویی دەکات، لەنێو دەبات؛ باتای ئەمە ناو دەنێت *سەروەریی خراپە*، مەبەستیش لێی پیشاندانی دەسەڵاتی سەرفکردن و قوربانیکردنیکردنە لە بەرامبەر ئەو جۆرە سەروەرییەدا کە خۆی وەك سەروەرییەکی تەکنیکی، وەك سەروەرییەکی شارستانی و مرۆیی و عەقڵانی لەسەر جیهان دەردەخات: *سەروەریی چاکە*. **سەروەریی خراپە** جۆرێك توندوتیژییە کە مرۆڤ ناوەکییانە و ڕووبەخۆی مومارەسەی دەکات. ئەم شرۆڤەیەی باتای بۆ ئەو چرکەساتە دەگونجێت کە خودا بڕیارێکی توندوتیژانە دژ بە گەلی یەهودی دەردەکات. دواى پەرستنی

[15] جان بودریار: عندما یهاجم "باطاي" المبدأ المیتافیزیقي للاقتصاد، ترجمة: د. محمد عجینة، ٢٠١٤.
http://nomene.blogspot.com/2014/01/blog-post_4718.html
[16] زاراوەیە ئیسلامییەکەی جەنگ "غەزا" یان "فەتح" یان "جیهاد"ە؛ بۆیە لە سیاقی قسەکردنماندا لە مێژووی ئیسلام دەتوانین چەمکی "ئابووریی غەزا" دابڕێژین.

گوێرەکە زێڕینەکە، دەبێت گوێرەکەکە بسووتێنرێت، خۆڵەمێشەکەی بپرژێنرێتە نێو دەریا. بەڵام لە بەرامبەر تاوانەکەدا دەبێت *گەل* خۆی بکات بە قوربانی. بە بڕیاری خودا ئەوانەی کە ئەم بتەیان پەرست دەبێت یەکتری بکوژن بۆ ئەوەی لێخۆشبوون بیانگرێتەوە. تەیفووری ئەم دیمەنە وەك *قوربانیدان* لێك دەداتەوە:

«ئیبن کەسیریش ئاماژە بۆ ئەمەی کە ئەوان دەبوا یەکتر بکوژن دەکات و وردتر دیمەنەکە دەگوێزێتەوە، بەڵام خاڵێکی زیادکراو ئەوەیە کە هەردوویان کوژراو و بکوژ، دەبەخشرێن و بەشەهید دادەنرێن، واتە ئەمە جۆرێك قوربانیکردنە بە ئەمری خودا و بۆ ئەو، کە سەرکەوتوویش دەبێت و نیازەکەیان دێتە دی.

> موسا فەرمانی خودای هێنایە جێ و ئەمری بە کوڕانی ئیسرایل کرد یەکتر بکوژن. (...) تاریکاییەکی چڕ هەموانی نوقم کرد و یەکترییان کوشت. کاتێ تاریکاییەکە ڕەوییەوە هەفتاهەزار قوربانییان ژمارد. موسا و هاروون لە خودا پاڕانەوە بۆ ئەوەی لەوانە کە ماون خۆش ببێت، ئەگەرنا، هەموو کوڕانی ئیسرایل تەفروتوونا دەبوون [...]

مردنی ئەمان وەك قوربانی، لە دەقی تەوراتیشدا دووپات کراوەتەوە و داوا لە گەل دەکرێت کە هەر کەس ڕۆژەکەی خۆی، یان لەو ڕۆژەدا خۆی تەرخان بکات بۆ خودا و لە دواییدا لێبووردنی خودا هەموویان دەگرێتەوە. دەقی تەورات نیشانی ئەم کردەی قوربانییەی لە وشەکەدا هەڵگرتووە و قوربانی یان تەرخانکردن لە دەقەکەدا ماوەتەوە:

> موسا پێی گوتن: خودا، خودای ئیسرایل وەهای گوت: بڵێ هەر کەس لە ئێوە شمشێرەکەی بنێنێتە پاڵ خۆی؛ لە مسەرەوە بڕوات بۆ ئەوسەری مەیدانەکە و بڵێ هەر کەسێك برای خۆی و کەسوکاری خۆی بکوژێت. منداڵانی لێڤی ئەوەیان کرد کە موسا فەرمانی کردبوو؛ نزیکی سێهەزار پیان لە گەل لەو ڕۆژەدا کوژران و موسا گوتی: ئەوڕۆ تەرخان (قوربان) بکەن بۆ خودا، بە قوربانیکردنی کوڕ و براتان، بۆ ئەوەی کە خودا ئەمڕۆ خێرێکتان پێ بکات»[١٧].

گەلی ئیسرائیل، دوای ئەوەی موسا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ خواوەند، بەجێیان دەهێڵێت، لەو سامان و زێڕوزیوەی کە لە میسرەوە لەگەڵ خۆیان هێناویانن، بتی گۆلکێك بۆ پەرستن دروست دەکەن، لەم ڕێیەوە دەیانەوێت جۆرێك جەژن و پیرۆزی لەبەردەم موقەدەسێکدا ڕابگەیێنن کە هەمان گەڕانەوەیە بۆ دۆخی ناونشینی بێ سوبێکت-ئوبێکت، ئوبێکت دەبەنەوە بۆ نێو دۆخێکی نا-ئوبێکتی، بۆ نێو پیرۆزییەك کە هیچ سوبێکتێکشی تێدا نییە، تاوەکو بیسەلمێنن کە هێندەی موقەدەسێکیان بۆ گرنگە، زێڕوزیوویان بۆ گرنگ نییە. ئەوان دەکەونە نێو بەکاربردنێکی پیرۆزانەی گرانبەهاترین سامانەوە کە پێیانە و دەیکەن بە شتێك کە "هیچ سوود"ێکی کردەیی بۆیان نییە دیوە پیرۆزییەکەی نەبێت. کاردانەوەکەی موسا دوای گەڕانەوەی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گەلی ئیسرائیل بە ڕێگەیەکی هەڵە ئەم گەڕانەوەیان ئەنجام داوە؛ هەڵەیەك کە هەستکردنە بە بارێکی قورسیی تاوانیش. هەڵەکە لەوێدایە کە جەژن بە بێ توندوتیژییەك کە لە سەروەرییەکی خراپەوە دێت، بە بێ قوربانییەك کە هێزێکی باڵانشین دەیخوازێت، نابێتە جەژن. کەواتە وەك لە شرۆڤەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ئەم توندوتیژییەی وا هی سەروەریی خراپەیە، ئاراستەی ناوەوە دەکرێت: دەبێت گەلی ئیسرائیل لە گەورەترین بۆنەی قوربانیکردندا یەکتری بکوژن، باوك و کوڕ، برا و برا، خزم و کەس تا لە گوناهیان پاك ببنەوە و جارێکی تر بۆ ماوەیەکی کاتی لە دۆخی نائاگایی بێتاوانانە و ئاگایی سەروەرانەدا بژین.

ئیسلام لە کوێدا لەم "سەروەریی خراپە"یە، لەم دەستبڵاوییە ڕەهایەی سامان و لەم خۆقوربانیکردنە جودا دەبێتەوە؟ لەوێدا کە هێزی سەروەر ڕێ دەدات ئەو توندوتیژییەی وا لە گەلی ئیسرائیلدا ئاراستەی ناوەوە دەکرا، ئاراستەی دەرەوە بکرێت. دەستبڵاویی لە بەندەوە بۆ خودا هەڵدەگەڕێتەوە و یەهوەی بە زەبروزەنگ، دەبێتە ئەڵلایەکی بەخشندەتر، کە لەلایەك لەبری ئەوەی موسوڵمانان لە ڕێوڕەسمی قوربانیدا لە یەکتری بکوژن، دەبێت لە "جیهاد"دا بێباوەڕان بکوژن؛ هەر لەم ڕێگەیەشەوە، لەبری بەکاربردنی زێڕوزیووەکانیان لە بۆنەیەکی

---

[١٧] تەیفووری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤-١٢٦.

موقەدەسدا، دەبن بە خاوەنی زێروزیوو [غەنیمەت، دەستکەوت: ئەنفال]. باتای ئەو توندوتیژییەی کە بەم جۆرە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت ناو دەنێت "نەزمی سەربازی":

«ئەو جیاوەکییەی کۆمەڵگە [لە جیهانی ئاژەڵی] کە بۆتەی جەژن دەیتوێنێتەوە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئاستی کارە واقیعییەکان[Real works] – [بۆ نموونە] بەرهەمهێنانی جووتیاری- لە سنوورەکانی خۆیدا دەردەکەوێت، کە قوربانیکردن تێهەڵکێش بە جیهانی شتەکان دەکات. بەم شێوازە، یەکێتیی گرووپەکە توانای ئەوەی دەبێت توندوتیژییەکی وێرانکەر [Destructive violence] ئاراستەی دەرەوە بکات.
لەڕووی بنەماییەوە، بەدیاریکراوی توندوتیژیی دەرەکی، لەگەڵ قوربانیکردن یان ئەو جەژنەی کە تێیدا توندوتیژی، وێرانکارییەکەی خۆی ئاراستەی ناوەوە دەکات، لێکدژە. تەنیا ئایین جۆرە بەکاربردنێك دەستەبەردەکات، کە جەوهەری ناوەکی ئەوانەی دەیانجوڵێنێت، لەکاردەخات. بەڵام کاری سەربازی [Armed action] ئەوانی تر یان دارونەداری ئەوانی تر وێران دەکات. سەرەڕای ئەوەیش، دەکرێت بە شێوەیەکی تاکەکەسانە [توندوتیژیی ناوەکی] لەنێو گرووپەکەدا مومارەسە بکرێت، بەڵام گرووپە دروستبووەکە دەستدەکات بە مومارەسەکردنی ئەو توندوتیژییە بەرەو دەرەوە، ئەو کاتەیش پەرەدەدات بە بەرەنجامەکانی. کاری سەربازی لە جەنگە کوشندەکان و کوشتارگەکان و تاڵانکاری و ڕاووڕووتدا، واتایەکی نزیك لە واتای جەژنەکانی هەیە»[18].

باتای لایوایە گۆڕانی نەزمی خۆقوربانیکردن (قوربانی جووەکان لە شەوی یەکترکوژییەکەدا) بۆ نەزمی سەربازی (جیهاد و غەنیمەت) بە واتای سەرهەڵدانی *هێزی جەنگ*ـە، جەنگێك کە دەستکەوتی هەیە؛ بەڵام ئەم جەنگ/غەزایە لەوێوە کە "دەستکەوت"ی هەیە کەواتە پەیوەندیی بە "کار"یشەوە هەیە. غەزا، هەمان توندوتیژیی دەرەکی کە دەستکەوتنی غەنیمەت مومکین دەکات، لای باتای لەوێدا پەیوەندیی بە کارەوە هەیە کە ئەو هێزەی جەنگ بەرپا دەکات «خەڵکانی دیکەی هاوچەشنی خۆی ملکەچ دەکات بۆ خزمەتکاری و کۆیلایەتی. بەمەیش لە ڕێگەی توندوتیژییەوە مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر باری *نەزمی شتەکان*ـەوە، بێگومان جەنگاوەر هۆکار نییە بۆ ئەم پرۆسەی ملکەچپێکردنە. لەبەرئەوەی ئەو پرۆسەیەی کە کۆیلە دەکات بە شتێك، پێویستی بە دامەزراندنێکی پێشوەختەی کار هەیە. کرێکاری ئازاد بە شێوازێکی خۆویستانە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەن، شتێکە. بەڵام تەنیا کۆیلەیە کە نەزمی سەربازی کردوویەتی بە کاڵا، ئینجا هەر ئەویشە کە تەواوی ئاکامەکانی ملکەچی لە ئەستۆ دەنرێت (پێویستە سەرنج لەوە بدەین، کە بەبێ کۆیلایەتی جیهانی شتەکان نەدەگەیشتە پڕێتی و تەواوێتیی خۆی)»[19]. واتە لە سەرەتادا کاری کۆیلەیی و بێگاری کە لە سەرمایەداریدا دەگۆڕێت بۆ کاری کۆیلەی نوێ: *کاری کرێگرتە*.

## زێدەبەها و قوربانی لە شەوی ئەنگوستە چاودا

بە گوێرەی ئەم ڕوانگەی وا خستمانەڕوو، ئابووریی جەنگ/غەزا پەیوەندیی بە *کار*ەوە هەیە، بەڵام جۆرێك کاری *پێش سەرمایەداری*، لەوانە: بوون بە خاوەن سامانی ئامادەی تاڵانکراو، بەهرەمەندبوون لە کاری کۆیلە، خزمەتکار، کەنیزەك، یاخود سودبینین لە خودی خۆیان وەك کاڵا کە لە هەر بارێکیاندا لەژێر چەمکی "غەنیمەت"دا جێیان دەبێتەوە کە پاداشتی جیهادە وەك *عیبادەت*. لێرەدا لە تێزی ڤێبەرەوە نزیکین هەر بەو جۆرەی تەیفووری بەدوایدا گەڕاوە بەو جیاوازییە بنەڕەتییەوە کە لە ئابووریی سیاسیی پرۆتستانتیی ڤێبەرییانە دەستکەوت لە **"کار وەك عیبادەت"**ەوە دێت و لە ئابووریی سیاسی ئیسلامدا لە **"غەزا وەك عیبادەت"**ـەوە دێت (جیهاد). بەڵام تێزی ڤێبەر دەربارەی "کارکردن وەك عیبادەت" کە لە سەرەتاکانی پرۆتستانتیزمدا دەبێتە مایەی کەڵەکەبوونی وردە سەرمایە و ئینجا **سەرمایە** دەستنیشانکردنێکی تەواو جیاوازە لە تێزی مارکس دەربارەی **کەڵەکەبوونی سەرمایە** لە ڕێگەی **"زێدەبەها"**وە کە لە "کاری کرێکارەوە لەپێناو بژێویی"دا بەدەست دێت. تەیفووری گریمانەکەی خۆی لەسەر ڤێبەر دادەڕێژێت، کەچی بە "زێدەبەها"ی مارکس دەرەنجامگیری دەکات، ڕەنگە ئەمە یەکێك لە ئیشکالیەتەکانی نێو تێزەکەی ئەو بێت. لەم بەشەی وتارەکەماندا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم ئیشکالییەتە دەدەین.

[18] جۆرج باتای، تیۆری ئایین، وەرگێڕانی: هاوار محەمەد، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٣٣-١٣٥.
[19] هەمان سەرچاوە، ل١٣٨-١٣٩.

سەرمایەداری (لایەنیکەم سەرمایەداریی پیشەسازی) سوود دەگۆڕێت بۆ *قازانج*، سامان دەگۆڕێت بە *سەرمایە*، ئینجا لەوانەیش گرنگتر ئەوەیە مرۆڤ لە هەر چەشنە کارکەرێکی دیکەوە دەگۆڕێت بۆ *کرێکار*. کرێکار کێیە؟ ئەوەیە کە هێزی کارەکەی دەفرۆشێت، یان باشتر بڵێین دەکڕرێت. بەڵام هێزی کارەکەی چی بەرهەم دەهێنێت؟ **زێدەبەها** بۆ خاوەن کار کە لای مارکس بە بێ ئەمە شتێك بە نێوی سەرمایە و سەرجەم نەزمی سەرمایەداری مەحاڵە پێك بێت. مارکس لە*کاری کرێگرتە و سەرمایە*دا (لە چەند بەرهەمێکی دیکەیشیدا، لەوانە *دەستنووسە ئابووریی و فەلسەفییەکان* و *سەرمایە*) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرمایە بریتییە لە کۆی ئەو کاڵایانەیەی وا دەچنە نێو *بەهای ئاڵوگۆڕ*ەوە، *زێدەبەها* ئەو زیادەیە کە لە بەهای ئاڵوگۆڕەوە دەستی سەرمایەدار دەکەوێت. بەڵام ئەم زیادەیە لە کوێوە دێت؟ مارکس بەم جۆرە شرۆڤەی دەکات:

«کەواتە چۆن کۆی کاڵاکان، کۆی بەهاکانی ئاڵوگۆڕ دەبێت بە سەرمایە؟ بە پاراستن و چەندقاتکردنەوەی خۆی وەك دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ. ئەمە شتێکە وەك دەسەڵاتی دابەشکردنێکی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ڕاستەوخۆی هێزی کاری زیندوو. بوونی چینێك کە هیچی نییە جگە لە هێزی کارەکەی پێویستییەکی پێشوەختەیە بۆ سەرمایە.

تەنیا باڵادەستیی کاری کەڵەکەکراو، ئەنجام دراو، بە ماتریاڵیزەبوو بەسەر کاری ڕاستەوخۆ و زیندوودایە کە کاری کەڵەکەکراو دەگۆڕێت بۆ سەرمایە. سەرمایە لەوێوە نایەت کە کارێکی کەڵەکەکراو خزمەتی کارێکی زیندوو بکات وەك ڕێگایەك بۆ بەرهەمێکی نوێ، بەڵکو لە کارێکی زیندوودا دەست دەخرێت کە خزمەت بە کاری کەڵەکەکراو بکات وەك ئامرازگەلێك بۆ پاراستن و دووهێندەکردنەوەی بەهای ئاڵوگۆڕی کاری کەڵەکەکراو»[٢٠].

ئەی لەم دۆخەدا، چی لەنێوان سەرمایەدار و کرێکاردا ڕوودەدات؟ بنچینەییترین ڕووداوی دامەزرێنەری سەرمایەداری، کە مارکس ئاوا دەستنیشانی دەکات:

«کرێکار لە ئاڵوگۆڕی هێزی کارەکەیدا ئامرازەکانی مانەوە و بژێوی دەست دەکەوێت، بەڵام سەرمایەدار لە ئاڵوگۆڕی ئامرازەکانی مانەوەی کرێکاردا، چالاکیی بەرهەمهێنەرانەی کرێکارەکەی دەست دەکەوێت، ئەو هێزە داهێنەرەی دەست دەکەوێت کە بەهۆیەوە کرێکار نەك تەنیا جێی ئەوە پڕ دەکاتەوە کە [وەك کرێ وەری دەگرێت و] بەکاری دەبات، بەڵکو بەهایەکی زیاتریش لەوەی کە بە ئاشکرا بۆی دانراوە بە کاری کەڵەکەکراو دەدات. کرێکار لە سەرمایەدارەکەوە بڕێك لەو ئامرازانەی مانەوەی دەست دەکەوێت کە دابین کراون، [...] تاوەکو بە بەکاربردنیان لە کاردا، توانای هەبێت بەهایەکی نوێ لەجێی ئەوەی کە دراوە پێی و بۆ مانەوە بەکاری بردووە، پێك بهێنێت [...].

با نموونەیەك بهێنینەوە: خاوەن کێڵگەیەك ڕۆژانە پێنج قرۆشی زیوو دەدات بە کرێکارەکەی. لەبەرامبەر ئەم پێنج قرۆشە زیووەدا، کرێکارەکە هەموو ڕۆژەکە لە کێلگەی خاوەن کێڵگەکەدا کار دەکات و بەم جۆرە دە قرۆشی زیووی بۆ دابین دەکات. خاوەن کێڵگەکە نەك تەنیا ڕۆژانەی کرێکارەکەی دەست دەکەوێتەوە کە دەبێت بیدات بە هەقی ڕۆژانەی کرێکارەکە؛ بەڵکو [دوای کۆکردنەوە و دەرکردنی هەموو خەرجییەکی دیکەی وەك تۆو و ئامراز و چاککردنەوە و هتد] دووقاتی دەکاتەوە. کەواتە، خاوەنکێڵگەکە ئەو پێنج قرۆشە زیووەی وا داویەتی بە کرێکارەکە، بەشێوەیەکی بەرهەمدار و بەرهەمهێنەرانە خستۆتەگەڕ یان خەرج کردووە. ئەو بەو پێنج قرۆشە زیووە تەنیا کار و هێزی کاری کرێکارەکەی کڕیووە کە لە ڕێیەوە دوو بەرامبەر ئەو پارەیەی وا پێیداوە، بەرهەمی کشتوکاڵی پێ بەرهەم دەهێنێتەوە و وا دەکات لە پێنج قرۆشی زیووەوە دە قرۆشی دەست بکەوێت.[...] بەم جۆرە پێشمەرجی سەرمایە کاری کرێگرتەیە،

---

[20] Karl Marx: Wage Labor and Capital, Wages, Price and Profit, Foreign Languages Press, Paris, 2020, p. 28-29.

> پێشمەرجی کاری کرێگرتە سەرمایەیە. ئەوان دوولایانانە بە یەکترییەوە بەستراون و مەرجی بوونی یەکترن، دوولایەنانە لە یەکترییەوە پەیدا دەبن»[٢١].

بە گوێرەی ئەم کەشفەی مارکس، کە دروستییەکەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی حاشاهەڵنەگر بوو، سەرمایە *تەنیا* لە زێدەبەهاوە دروست دەبێت، زێدەبەهاش *تەنیا* لە کاری کرێگرتەوە، لە کرێکاری بەرهەمهێنەری ئەو کاڵایانەوە کە *بەهای ئاڵوگۆڕ*یان هەیە. زێدەبەها نە لە جەنگەوە دێت، نە لە جەنگاوەرەوە، نە لە قوربانی و نە لە غەنیمەتەوە، نە لە غەزا و نە لە بەخششەوە، نە لە جیهاد و نە لە ئەنفالەوە. زێدەبەها هیچ جۆرە دەستکەوتێکی یەکلایەنە نییە، پەیوەندیی خودا-بەندە نییە، بەڵکو لەنێو هاوکێشەی سەرمایەدار-کرێکاری نێو سیستەمی سەرمایەداریدا پێك دێت.

دەرەنجامی ئەم شرۆڤەیە ئەمەیە: *ئابووریی سیاسیی سەرمایەداری* (زێدەبەها) و *ئابووریی خەڵات* (دەستکەوت، پاداشت، بەخشش، غەنیمەت) هەر لە ڕیشەکانیانەوە دوو جۆر ئابووریی جیاوازن؛ سەرمایەداری ئابووریی کارە و تێیدا *زێدەبەها* لە ڕێگەی کارەوە بەدەست دەهێنرێت. بەڵام ئابووریی خەڵات ئابووریی غەزایە، ئەو بەخشندەییەی کە لە جیهاددا بەدەست دەهێنرێت و بەسەر موجاهیداندا تەخشان و پەخشان دەکرێت. لە دۆخی ئەنفالدا خودا سامانی خۆی بە جەنگاوەران دەبەخشێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوەی تەیفووری ناوی لێ دەنێت "زێدەبەها"، پێناسەی زێدەبەها لە دنیای سەرمایەداریی سەردەمی مۆدێرندا، نایگرێتەوە. ئابووریی ئیسلام (لایەنیکەم لەو سەرەتایانەیدا) لە ڕێگەی هیچ جۆرە کارێکەوە پێکنایەت، کەواتە "زێدەبەها"ش نییە، پتر لە ڕێگەی غەزاوەیە وەك *دەستکەوت*، هەمان *غەنیمەت*، کە دواجار ئیسلام وەك *ئەنفال* دەیچەمکێنێت. بە هەمان شێوە، ئەم ئابوورییە دەرەنجامی عیبادەت نییە وەك ئیش/کار، دەرنجامی عیبادەتە وەك *جیهاد*. ئەوەی خودا بە جەنگاوەرانی دەبەخشێت، ئەوەی جیهادکەران دەستیان دەکەوێت، نەك *زێدەبەها*، بەڵکو *پاداشت*ـە بەشێوەی پیادەکردنی سەروەریی لەسەر سامانی خۆ. ئەم پاداشتە لە دەرەوەی بەهای ئاڵوگۆڕ، واتە لە دەرەوەی لۆژیکی کرێ، سوود، قازانج، ڕوو دەدات؛ بەخشینێکی تاکلایەنەیە، بەو پێیەی دواجار خودا بۆ سەرخستنی ئایینەکەی خۆی، پێویستی بە عیبادەت و جیهادی بەندەکانیشی نییە، هێندە نەبێت ئەو باوەڕە ناچیزەی مرۆڤ بە خودا هەیەتی، وای لێ دەکات *ئیمتیازی* خودا بیگرێتەوە.

لەلایەکیتر، قوربانیش هی خودایە و دەبێت لە بەرامبەر بەخشندەییەکەیدا، پێی بدرێتەوە بێ ئەوەی خودا پێویستی بێت، بۆیە لە ئیسلامدا هەر بە سەر بەندەکانیدا دابەش دەکرێتەوە. لۆژیکی قوربانی لۆژیکی *بەخشین*ـە. بەخشین لە زمانی کوردیدا هەم مانای"بەخشینی کەسێك"ـە و هەم مانای "بەخشینی شتێك". لە حاڵەتی یەکەمیاندا "بەخشین" واتە "لێخۆشبوون لە کەسێك" لە بەرامبەر زیانێك یان کارێکی نەرێنیدا کە کردوویەتی و دەبێت "باج"ـەکەی بدات، بەڵام لایەنی زیانلێدراو، دواجار (ڕەنگە بە هەندێ مەرج، بۆ نموونە لێکردنەوەی بەشێکی جەستە) لە مافەکەی خۆشدەبێت. لە دووەمیاندا بەخشین واتە پێشکەشکردنی ئوبێکتێك، سامانێك، لەلایەن خاوەنەکەیەوە بەو پێیەی *سەروەری* شتەکانییەتی، بە ئەوی تر، جا لە بەرامبەر کارێکی پۆزەتیڤدا بەشێوەی "خەڵات/پاداشت" یان بەشێوەی "دیاری" بە بێ بەرامبەر وەك دەستپێشخەریی نیازپاکی. قوربانیش هەم لێخۆشبوونە لە کەسێك کە تاوانێك [گوناهێك]ی کردووە، لێخۆشبوونی دوای قوربانییەك وەك گەڕاندنەوەیەکی دواخراوی مافێك بۆ خاوەن مافەکەی، هەم مانای دەستئاوەڵاییە بۆ "بەخشین"ـی شتێك وەك خەڵات و پاداشت لەبەرامبەر قوربانیداندانێکدا. گۆڕان لە عیبرانییەتەوە بۆ ئیسلام، گۆڕانی خودایە لە بەخشندەی یەکەمیانەوە بۆ بەخشندەی دووەمیان؛ لە لێخۆشبوونەوە بۆ پێبەخشین، لە "لێخۆشبوون لە گوناە گەلەوە بەو مەرجەی خوێنی یەکتر بڕێژن"، بۆ "بەخشین بە موجاهیدانی پەیامی ئیسلام بەو مەرجەی خوێنی بێباوەڕان بڕێژن". ئەمە ئەو ساتەیە کە ئیسلام وەك ئایینێکی نوێ دادەمەزرێت و خۆی لە ڕیشەکانی خۆی جودا دەکاتەوە.

ئەوەی لە شەوی تاریکی قوربانییە مەزنەکەی گەلی یەهودیدا ڕوودەدات، زێدەبەهای تێدا نییە، چونکە کار نییە، بەڵکو "لێخۆشبوون"ـی خودایە لە بکوژ و کوژراوی نێو جەنگێك وەك قوربانی، یان نێو مەراسیمێکی خوێنڕشتن؛ ئەوەی لە بەیانی ڕۆژی دوای بەدردا ڕوودەدات زێدەبەهای تێدا نییە، چونکە کار نییە، بەڵکو "لێخۆشبوون"ـی خودایە لە مافی خۆی (ئەنفال هی خودایە) بۆ بەندەکانی، کرانەوەی دەرگای ڕەحمەت و بەرەکەتی خواوەندە لەسەر گەلەکەی. بەڵام وێڕای گۆڕانی خودا لە ئیسلامدا بۆ خودایەکی میهرەبانتر لەگەڵ

---

[21] Marx: Ibid., p.29-30.

ئوممەتی دوایین پەیامبەریدا، هێشتا دیمەنێکی نزیك لە شەوی تاریك لە مێژووی ئیسلامدا دووبارە دەبێتەوە: *جەنگی سەففەین* لە نێوان عەلی و مەعاوییەدا. بەشێك لە ڕاڤەکاران، بە پشت بەستن بە چەند ئایەت و فەرموودەیەك، وایان تەفسیر کردووە کە بکوژ و کوژراوی ئەم جەنگە هیچیان "دەرچوو لە ئیسلام" نین، هەردوولایان باوەڕداربوون، بە ناوی "حەق" و بۆ "حەق" تێکۆشاون. بەڵام جیاوازیی ساتە ئیسلامییەکە لە ساتە یەهودییەکە ئەوەیە کە گوناهێکی وەك بتپەرستی ڕوویندداوە؛ کێشەکە لەسەر کوژرانی "خەلیفەی باوەڕداران"ـە، کوژرانی "عوسمانی کوڕی عەففان". ئێستا مەعاوییە پیاوانی عەلی بەم کوشتنە تۆمەتبار دەکات، لەبەرئەمە *بەیعەت*ی پێ نادات و خۆی لە شامەوە وەك خەلیفە ڕادەگەیەنێت. دەستکەوتی ئەم جەنگە بۆ لایەنی براوە چییە؟ زێدەبەها نییە؛ دەستکەوتێکی ڕووتیش نییە؛ شتێکی لە دەستکەوت زیاترە، شتێك کە بنەمای هەر دەستکەوتێك مومکین دەکات، شتێك کە دەتوانێت بڕیار لە جیهاد و غەنیمەت بدات: *خەلافەت*.

## خەلافەت لە بەرامبەر ئیمپراتۆریەتدا

لە شرۆڤەکەی باتایدا توندوتیژیی نەزمی خودایی، پێویستی بە خوێنڕشتنێکە یان قوربانییەکە تاوەکو جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە لە نەزمی واقیعیی شتەکان، لە نەزمی بەرهەمهێنان و قازانج، جودا دەبێتەوە. ئەم حەزی خوێنڕشتنە تاسەی نواندنی ژیستێکە کە سوبێکت وەك سەروەری جیهان و ئوبێکتەکان، لە بەرامبەر خوادا دەینوێنێت؛ ژیستی دەستئاوەڵایی و سەرفکردنی بێسنوور تا ڕادەی خۆ-قوربانیکردن. نەزمی سەربازی بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئاگایی، ئەم توندوتیژییە لە قوربانیدانێکی ناوەکییەوە، لە خۆ-قوربانیکردنەوە دەباتە دەرەوە، دەیدەرێنێت؛ لەبری ئەوەی خۆی پێ وێران بکات، دەیکات بە توندوتیژییەکی عەقڵانیتر ڕوو بە ئەوی تر. کەواتە خوێنڕشتن لەم توندوتیژییەدا لەشێوەی قوربانییەکی ڕووتی خوداییدا نامێنێتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە تەماح و خولیای سوودوەرگرتن لە سامانی ئەوی تریش دەبێت و هاوکات تێیدا ئەوی تر دەکرێت بە کۆیلە، بەردە، بەندە، کەنیزەك، خزمەتکار، شوان. باتای ئەمە بە ساتی سەرهەڵدانی "ئیمپراتۆریەت" دەزانێت:

> «نەزمی سەربازی سنوورێکی دانا بۆ ئەو دەردەسەرییانەی، کە لە زێدەڕۆییکردن لە سەرفکردن و بەکاربردنەوە [وەك خوێنڕشتن و قوربانیدانی ناوەکی] کەوتبوونەوە. خستنەگەڕی هێزەکانی لە چوارچێوەیەکی عەقڵانیدا ڕێکخست، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی گەشەی زیاتر بە دەسەڵات بدرێت. زەینی میتۆدییانەی داگیرکردن دژ بە زەینی قوربانیکردنە؛ بۆیە پاشا سەربازییەکان قوربانیکردنیان [بە مرۆڤ] قەدەغەکرد. بەڵام بنەمای سیستەمی سەربازی گۆڕینی میتۆدییانەی توندوتیژییە بەرەو دەرەوە. خۆ ئەگەر توندوتیژی ئەوە بێت کە لە ناوەوە دەجۆشێت، ئەوا ئەم سیستمە ئاڕاستەکەی پێچەوانە دەکاتەوە، تاوەکو هەر مەودایەك بگرێتەوە کە دەتوانێت پێیبگات. کاتێکیش سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بەرەو دەرەوە ئاڕاستەی بکات، ئەوا دەیخاتە ژێر باری ئامانجێکی واقیعییەوە. بەگشتی نەزمی سەربازی بەو شێوەیە توندوتیژیی دەخاتە ژێر دەستی خۆی. سیستمی سەربازیی دژ بە فۆڕمەکانی توندوتیژییە شانۆییەکان [ڕێوڕەسمی قوربانیکردن] دەوەستێتەوە، کە وەڵامی خرۆشانێکی سەرکەشانە دەدەنەوە، نەك وەڵامدانەوەی حیسابێکی پلان-بۆدانراوی کارایی. بۆیە چیتر ئامانجەکەی ئەوە نییە تا دوا ڕادە هێزەکان مەسرەف بکات، وەك ئەوەی لە سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆنی جەنگ و لە جەژنەکاندا دەکرا. مەسرەفکردنی هێزەکان کۆتایی پێنایەت و هەر بەردەوام دەبێت بەڵام دەخرێتە ژێر باری بنەمای ئەوپەڕی بەدەستهێنانەوە[Principle of maximum yield]. لێرەدا ئەگەر هێزەکان مەسرەف دەکرێن ئەوا تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی هێزی گەورەتردایە. کۆمەڵگەی کۆن بۆ ئەوە جەنگی هەڵدەگیرساند تاوەکو کۆمەڵێك کۆیلە کۆبکاتەوە. بەپێی بنەماکانی خۆی، دەیتوانی بە سەربڕینی

ڕیتواڵییانەی ئاژەڵان قەرەبووی ئەو بەدەستهێنانە بکاتەوە. بەڵام سیستمی سەربازی ئامانجەکانی جەنگەکان دەگۆڕێت بۆ کۆیلەکان و ئامانجی کۆیلەکانیش دەگۆڕێت بۆ کار. داگیرکردن دەکاتە پرۆسەیەکی میتۆدی، کە ئامانجەکەی بەفراوانکردنی ئیمپراتۆرییەتە»[22].

لە پەیمانی کۆندا ئاڵوگۆڕێکی لەم جۆرە لە قوربانیکردن بە مرۆڤ بۆ قوربانیکردن بە ئاژەڵێك ڕوودەدات کە لە ئیسلامدا دەبێتە جەژنێکی هەرە گەورە. ئەمە ئەو ساتەیە کە توونڕوتیژیی لە ناوەوە بەرەو دەرەوە، لە خودەوە بەرەو ئەوی تر ئاراستە دەکرێت، ساتێك کە ئیبراهیم دەیەوێت ئیسماعیل (ئیحساق بە گێڕانەوەی تەورات) بکات بە قوربانی، بەڵام لە ناکاو مەڕێك دەخرێتە جێگەی. ئەم ئاڵوگۆڕە عەقڵانییە لای جووەکان تەنیا وەك یەك سات دەمێنێتەوە کە تەواوی نەریتی قوربانی دادەڕێژێتەوە، بەڵام لە ئیسلامدا کۆی گۆڕانی نەزمی قوربانی ڕوون دەکاتەوە، هەر لەبەرئەمەش ڕەنگە گرنگترین جەژن بێت. بەڵام ئەمە بۆچی لە ئیسلامدا هێندە گرنگە؟ چونکە توونڕوتیژی کە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت، بە گوتەی باتای «هەرمەودایەك دەگرێتەوە کە دەتوانێت پێیبگات. کاتێکیش سەرکەوتوو دەبێت لەوەی بەرەو دەرەوە ئاڕاستەی توونڕوتیژی بکات، ئەوا دەیخاتە ژێر باری ئامانجێکی واقیعییەوە». ئەم *ئامانجە واقیعییە* ئەمەیە کە قوربانیدان، جیهاد، غەزا لەپێناو *ئەوپەڕی بەدەستهێنان*دا بێت. ئەم بەدەستهێنانە وا دەکات لە بڕێکی هێزەوە هێزی گەورەتر بەدەست بێت. مێژووی ئیسلام خستنەگەڕی بڕێکی هێز بوو، هاوەڵانێکی کەم کۆچیان کرد بۆ مەدینە، دیسان ژمارەیەك لەگەڵ پەیامبەر هەڵیانکوتایە سەر کاروانەکەی ئەبوسوفیان، جەنگی بەدر ژمارەی موسوڵمانان بەرامبەر هێزی قوڕەیش کەم بوو، بەڵام هەموو ئەم ڕووداوانە و دەستکەوتەکانی دواتر، هێزی ئایینە نوێیەکەیان تا ڕادەی بەزاندنی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورە، فارس و ڕۆم، گەشەپێدا. لەم غەزایانەدا سوپای ئیسلام داگیرکردن [یان بە چەمکە ئیسلامییەکەی: فەتح]ی کرد بە «پرۆسەیەکی میتۆدی، کە ئامانجەکەی بەرفراوانکردنی ئیمپراتۆرییەت بوو».

ئەو دەستکەوتانەی وا لەم بەرفراوانبوونانە پەیدا دەبن و ناویان "ئەنفال"ـە، چییان لێ دێت و چۆن دابەش دەکرێن؟ یان ڕوونتر بڵێین: کێ بڕیاریان لێ دەدات؟ وەك بینیمان لە ڕووداوە بنچینەییەکەدا کە غەزای بەدر بوو، پەیامبەر ئەوە بوو کە بڕیاریدا و ئایینەکەی پێ دامەزراند. بەڵام وەختێك سوپای ئیسلام دەگاتە سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و فارس، پەیامبەر چیتر لە ژیاندا نەماوە. ئەی ئێستا کە دەستکەوتەکان سەدان قات لەوەی ئێوارەی بەدر زیاترن، کێ دەتوانێت بڕیاریان لێ بدات؟ دەبێت "جێنشین"ـی پەیامبەر بڕیاریان لێ بدات. جێنشین زاراوە کوردییە بەکارهێنراوەکەی وشەی "خلیفة"ی زمانی عەرەبییە کە ئایەتی ٣٠ی سوورەتی "البقرة" وەك یەکێك لە گرنگترین زاراوە قورئانییەکان دەیچەسپێنێت؛ ئایەتەکە ئەو ساتە دەگێڕێتەوە کە خودا مرۆڤ دەکات بە "جێنشین"ـی خۆی لەسەر زەوی و هاوکاتیش جەخت لە پەیوەندیی نێوان "جێنشینی" و "توونڕوتیژیی دەرەکی" [داگیرکردن] دەکاتەوە. بە مانایەکیتر، جێنشینی، وەك نواندنەوەی حاکمیەتی خودا، نەزمی خۆ-فراوانکردنەوە، فەتحکردن، داگیرکردنێکی ڕەوایە:

> «لە قورئاندا جێگرەوەی خودا لەسەر زەمین ناوێکی هەیە کە ڕەوایی بە پێکەوەبەستنی حاکم و خودا دەدات؛ خەلیفە. ئەمە ناوی ئەو مەخلووقەیە کە پاش ئیبلیس، مەلیکی دەرکراو، زەمینی پێ دەدرێت. بە پێی دەقە بونیادنەرەکە، لە زەمیندا جن دەژیان کە تاونیان دەکرد و خوێنیان دەڕشت. [...] ئەم چیرۆکە هۆی خوڵقاندن و هەروەها شێوازی دانیشتنی حاکم لە شوێنی پێغەمبەر و خودا لەسەر زەمیندا ڕوون دەکاتەوە»[23].

کەواتە ئەو حاکمییەتەی ئیسلام پێکی دەهێنێت، دواجار زاراوەی خۆیشی بۆ هەڵدەبژێرێت، کە *خەلافەت*ـە. خەلافەت لە بەرامبەر ئیمپراتۆریەت *Imperium*ـدا. بەڵام خەلافەت لەنێو مێنتاڵێتیی خێڵەکی دوورگەی عەرەبیدا چۆن دەچەسپێت؟ ئەنفال دەیچەسپێنێت؛ ئەو دەستکەوتەی کە خەلیفە دەتوانێت بڕیاری لێ بدات؛ لەبەرئەمەیە تەیفووری خەلیفە وەك «ئەو حاکمەی کە "مافی خومس"ـی هەیە»، پێناسەی دەکات. خومس واتە یەك لەسەر پێنجی دەستکەوتەکان (ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی کە خەلیفە و باوکی فرۆیدی کە خاوەنی هەموو ئوبێکتەکانە، بە تایبەتی ژنەکان، هاوشوناس نین). ئەنفال هی خودا و پێغەمبەرە، بەڵام هەمووی

---

[22] باتای: هەمان سەرچاوە، ل١٤٧-١٤٩.
[23] تەیفووری: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

دەبەخشرێت بە موسوڵمانان، بە موجاهیدان، تەنیا پێنج-یەکێکی نەبێت کە بۆ خودا و نێردراوەکەیەتی، کەواتە بۆ بنەماڵەی پەیامبەر/ خەلیفە/ ئیمام/ ئەمینداری باوەڕداران؛ یان دواجار بۆ خەزێنە "بيت المال"ی خەلافەت. مادام ئەم پێنج-یەکە، ئەوە بوو کە هی خودا بوو، کەواتە ئەوەی مافی بڕیاردانی لەمە هەیە دەبێت ڕەوایەتی یەزدانیی هەبێت، ڕاستەوخۆ نوێنەری خودا و جێگرەوەی بێ نێوانگری پەیامبەرەکەی بێت. لەبەرئەمەیە خەلافەت واتە ئەو ڕاسپاردەیەی خودا کە لە ئەستۆی حاکمە، ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان خودا و جێنشینەکەیدا هەیە. بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە حاکم، دەتوانێت بڕیار لە "خومس" و چۆنیەتی خەرجکردن و دابەشکردنی "بيت المال" بدات؛ ئەمە مافی ئاوارتەی خەلیفەیە، «ئەوە ئیمامە کە دەتوانێت بڕیار لەسەر بەشی شەش حەقدارەکەی نێو ئایەتەکە [خودا، پێغەمبەر، کەسوکاری پەیامبەر، هەژاران، هەتیووان، ڕێبواران] بدات، دەسەڵاتێکی ئاوارتە کە کەی بیەوێت لە شەریعەت دێتە دەرەوە و هاوکاتیش ئەوە کە شەریعەت مومکین دەکات»[٢٤].

## ساکرێ و تەڵەیەکی ژیژەکی

گەر ئەم پرسوباسە دەربارەی دەستکەوت و خومس و خەلیفە لەبەرچاوبگرین دەبینین سیستەمی *خەلافەت* تەنیا قوربانیکردن و قوربانیدانێکی موقەددەسی سادە نییە لەپێناو خوادا، بەڵکو نەزمێکی سیاسیی ئابوورییشە، کە پەیوەندیی نێوان حاکم و مەحکوم، دەستکەوت و خەرجی، مافدار و بێماف ڕێك دەخات. بەڵام ئەم ئابوورییە سیاسییە ئابوورییەکی سەرمایەدارانە نییە، ئابووریی کار و زێدەبەها نییە، پتر بەدەستهێنانی غەنیمەتە بە کەنیزەك و کۆیلە و دیلیشەوە لە ڕێگەی جەنگ و غەزاوە. لە سامانی بەدەستهاتووش چوار بەش دەبەخشرێت بە موجاهیدان و بەشەکەی دیکەی لە دەستی خەلیفەدایە. ئەم نەزمەمان ناولێنا *ئابووریی خەڵات* و بە پێچەوانەی گریمانەکەی سەرەتای تەیفووری کە پێیوایە لەسەر **چەپاندن** دادەمەزرێت، گریمانەکەی ئێمە ئەوەبوو کە ئەم ئابوورییە سیاسییە لەسەر بنەمای "بەخشین" دادەمەزرێت، نەك تەنیا لێخۆشبوونە لە تاوانە، بەڵکو لێخۆشبوونی خوداشە لە ماف [بەش]ی خۆی، نە تەنیا بەخشینە لە گوناهـ، بەخشینی سامانیشە. ئەم پارادۆکسەی نێوان چەپاندن و بەخشش، نێوان سزا و پاداشت، لە بەرهەمەکەی تەیفووریدا شوێنی هەیە، بەڵام بێ چارەسەرێکی ڕاشکاو ماوەتەوە.

بۆ چارەسەری ئەم تەنگژەیە دوو ڕێگەمان هەیە: یان دەبێت هەر لەنێو دەروونشیکاریدا بمێنینەوە و پەرەی پێبدەین؛ یان دەبێت هەوڵی لێدەرچوونی بدەین، بۆ ئەمەیش هیچ ڕێگەیەکمان نییە جگە لە گۆڕینی پارادایمەکە. وا دیارە تەیفووری مەیلی لە هەردووکیانە. گەر یەکەمیان هەڵبژێرین و هەر لە نێو تیۆری چەپاندن [دەروونشیکاری]دا بەدوای چارەسەری ئەم تەنگژەیەدا بگەڕێین، ئەوا لایەنیکەم دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ بەرهەمێکی سلاڤۆی ژیژەك. لەو وتارە درێژەیدا وا دەربارەی فیکری ئیمانوێل لێڤیناس بە ناوی *دراوسێ و وەحشەکانی تر* نووسیویەتی، ژیژەك ئەم تێزە دەخاتە ڕوو: «هەمووتانم خۆشدەوێت، بە مەرجێك لایەنیکەم یەکێك هەبێت ڕقم لێی بێت». بەلای ژیژەکەوە، بنچینەی خۆشەویستییەکی گشتی ڕقە لە "ئاوارتە"یەك:

> «ئەم تێزە بەردەوام بەو فاکتە سەلمێنراوە کە خۆشەویستیی گەردوونیی مرۆڤایەتی هەمیشە بەرەو ڕقێکی بە زەبروزەنگ لە ئاوارتەیەك (کە بە ڕاستی هەیە) مل دەنێت، ڕق لە دوژمنەکانی مرۆڤایەتی. ئەم کینەیە لە ئاوارتە "حەقیقەت"ـی خۆشەویستیی گەردوونییە»[٢٥].

بەخشندەیی گەردوونیی خودا بۆ بەندەکانی بەشێوەی غەنیمەت، لەسەر بنەمای هەڵاواردنێك وەدیی دێت. گەر یەکێك لە گشتەکە دوور بخرێتەوە، ئەوا گشتەکە نیعمەتی خودا دەیانگرێتەوە. بۆ ژیژەك ئەمەی چەپێنراوە هێشتا هەر "ژن"ـە، "ژنێك"ـە. خودا هەموو موجاهیدان بە غەنیمەتی ئەنفال پاداشت دەداتەوە، *بەو مەرجەی ژن لە دیمەنەکە بکرێتە دەرێ*. ئەمە چ مانایەکی هەیە؟ مانای وایە، پەیامبەر لە ئێوارەی بەدردا، تەنیا بە چەپاندنی شاهیدییەکەی پێشووی خەدیجە لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەی، پەیامبەرێتیی خۆی دەسەلمێنێت. خەدیجە یەکەمین

---

[٢٤] تەیفووری: هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

[25] Slavoj Žižek: Neighbors and Other Monsters: A Plea for Ethical Violence, in "The Neighbor, Three Inquiries in Political Theology", The University of Chicago Press Chicago and London, London, 2005, p.183.

کەسە کە پەیامبەرێتیی محەممەد بۆ پەیامبەر دەناسێنێت و شایەتومانی پێ دێنێت، بەڵام لە *ڕۆژی فورقان*دا وەك بڵێی چیدی ئەم شاهیدییە بەس نییە؛ تەنانەت دوای ئایەتەکانی سەرەتای ئەنفال چیتر پێویستیش نییە، چونکە پەیامبەر دەتوانێت بە بەڵگەی نوێ، کە شاهیدی لەسەر پەیامبەرێتییەکەی بدەن، خۆی وەك نێردراوی خودا بسەلمێنێت؛ دەبێت پیشانی بدات کە پەیامبەرە، نەك لەسەر قسەی خەدیجە، بەڵکو بە قسەی خودا خۆی. لە بەدردا خود-هۆشیاریی محەممەد وەك پێغەمبەر گەیشتووە بەو ئاستەی کە هیچ گومانێکی لە خۆی نییە، چاوەڕێی ئەوە نییە ئەوانی تر یەکلایی بکەنەوە ئاخۆ نیشانەکانی پێغەمبەرایەتیی هەیە یان نا، ئەو ئێستا خۆی دەرك بە نیشانەکان دەکات و پەیامی خودای بە ڕوونی بۆ دێت، دەشتوانێت لەگەڵ فریشتەی هەرە ڕێزداری خودا "جوبرییل"دا بدوێت. ئەمە وا دەکات یەکەمین ساتی بەرایی کە خەدیجە کارەکتەرێکی سەر ستەیجەکەیەتی، بچەپێنرێت و تەیفووریش ئەم ڕووداوە دامەزرێنەرەی بە وردی شرۆڤە کردووە. بەڵام تەیفووری لە شیکارییەکانی دواتریشدا هەر لە نێو تێزەکەی ژێژەکدا دەمێنێتەوە کە لە سەرەتاوە دەیەوێت پەرەی پێ بدات و لێیشی تێپەڕێت، بەڵام بە یەك جیاوازییەوە: تەیفووری لایوایە ئەوەی لە ساتی دامەزراندنی ئایینە نوێیەکەدا چەپێنراوە مانا عیبرانییەکەی زاراوەی غەنیمەتە نەك ژن. بەڵام ئێمە دەتوانین ئەمەشی بۆ زیاد بکەین: ئەم چەپاندنەی مانا عیبرییەکەیش ڕووی نەدەدا، ئەگەر لەسەر بنەمای چەپاندنی شاهیدییەکەی خەدیجە نەبووایە. ئەم جووت-چەپاندنە هاوکات لە خودی غەزادا دەردەکەوێت: موجاهید دەتوانێت لە غەنیمەتدا وەك پاداشت "ژن"ی بەشێوەی کەنیزەك دەست بکەوێت، بەڵام ژن ڕۆڵی لاوەکییان لە غەزادا هەیە، کەواتە بۆیان نییە کۆیلەی ئەوتۆ بگرن کە خزمەتی سێکسی وماڵیان پێ بکەن. گەر وا بێت دواجار تەیفووری هەر لە نێو ڕووبەری چەپاندن و لەنێو قەڵەمڕەویی ژێژەکدا دەمێنێتەوە.

ئەوەی بەرهەمەکەی تەیفووری لەم داوە ژێژەکییە (کە بە بڕوای من وا باشتر بوو هەرگیز پەنای بۆ نەبردایە) ڕزگار دەکات، یەك ساتی نێو سەربوردەی موسا و گەلی یەهودییە لەدوای ڕووداوی قوربانییە گەورەکە بە گێڕانەوەی قورئان. تەیفووری ئەم ساتەی بۆ گواستووینەتەوە و شرۆڤەی کردووە. گەر شرۆڤەکەی ئەو لە تێزەکەی ژێژەك بدەین ئەم دەرەنجامەمان دەبێت: ***هەمووتانم خۆشدەوێت، بە مەرجێك یەکێك هەبێت ڕقم لێی بێت و ئەم یەکەش دەبێت دووربخرێتەوە***. تاکە مەرجی لێخۆشبوونی خودا لە هەموو گەلی یەهودی، تەنیا *قوربانیدان* نییە؛ بەڵکو ئەوەیشە کە *دەبێت یەکێك دووربخرێتەوە*. دەبێت یەکێك کە سەرچاوەی بەلارێدابردنەکەیە دەربکرێت (بچەپێنرێت؟): سامیری:

> «بەڵام چارەنووسێکی دیکە هەیە کە خۆی هەڵگری تەشریعێکی بنچینەییە، ئەویش چارەنووسی سامیرییە لە ئایینە نوێیەکەدا. پاش ئەوەی بەنهێنیی کارەکەی دەزانرێت، بە بێ ئەوەی بکوژرێت، حوکمێکی دیکەی لەسەر دەدرێت. ئەو قابیلی کوشتن نییە و ناتوانێ لە دیمەنی یەکترکوشتندا بەشدار بێت، بەڵکوو "دەر"دەکرێت کەس ناتوانێت "دەستی لی بدات" و "چارەنووس"ێکی حەتمیی نەگەڕاوە چاوەڕێی دەکات»[٢٦].

سامیری نابێت بکوژێت و بکوژرێت، نابێت قوربانی بدات و بیشبێت بە قوربانی، چونکە لە هەردوو دۆخەکەدا خودا بەڵێنی داوە لە بکوژ و کوژراو، لە قوربانی و قوربانیدەر خۆش ببێت، ئەمەیش شتێکە نابێت ئەو وەك گوناهباریی سەرەکیی کوفرەکە، بگرێتەوە. دەبێت ئەو باری ئەو ڕقە هەڵبگرێت کە خودا لە گوناهی هەموو گەلەکە هەڵیگرتووە. ئەوەی کە جێنشینی خودایە لەسەر زەوی، نێردراوەکەی کە موسایە، بڕیاری خودا دەگەیەنێت بە گەلەکە. ئەو دەتوانێت ئەم *دەسەڵاتە ئاوارتەیەی* هەبێت کە سامیری دووربخاتەوە و نەفرەتی دوا بخات.

ئێستا ئەم شیکارییە (کە دەبووایە تەیفووری بە تێپەڕاندنی ژێژەك پێی بگەیشتایە) هەم بەکارهێنانی تێزی خۆشەویستی-ڕقی ژێژەکە دژ بە ژێژەك خۆی، بەو پێیەی ئەوەی لە دوای گوناهەکە دووردەخرێتەوە لە ڕاستیدا "حەقیقەتزانیی ژن" نییە، بەڵکو ئەوەیە کە بۆ ئەوە ناشێت بکرێت بە قوربانی؛ هەمیش ناکۆکە لەگەڵ تێزی باتای، بەو پێیەی لەنێو ڕێوڕەسمی قوربانیی گشتگیردا، لەنێو قوربانیکردنی سەرتاپاییدا کە تاسەی ئاوێزانبوونەوەیە لەگەڵ ئیمانانسی خوداییدا، ڕەگەزێك دەمێنێتەوە کە بۆ قوربانی ناشێت. بەڵام مەگەر هەر لە

---

[٢٦] تەیفووری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

پێشترەوە ئاگامبێن لە هێڵێکی *سیاسەتشیکاری*یەوە، نەك لە هێڵی دەروونشیکارییەوە، خۆی بەم دەرەنجامە نەگەیشتووە؟ ئاگامبێن بە درێژی ئەم دەرەنجامەی ڕوون کردۆتەوە، بۆ نموونە لەم بڕگەیەدا:

> «بەم جۆرە باتای بە یەکجار جەستەی سیاسیی هۆمۆساکەر کە هەموو کاتێك لەبەردەم ئەگەری کوشتندایە، کەچی بە هیچ جۆرێك بۆ ئەوە ناشێت بکرێت بە قوربانی، هۆمۆساکەرێك کە لە لۆژیکی ئاوارتەوە سەرهەڵدەدات، لەگەڵ شکۆی جەستەی قوربانییگەرانەدا کە بە لۆژیکی "سنووربەزاندن" پێناسە دەکرێت، تێکەڵ دەکات [...] ئەوەی باتای نەیتوانیوە هەقی تەواوی پێ بدات، ژیانی ڕووتی هۆمۆساکەرە، کە دامەزراوەی چەمکییانەی قوربانی و ئیرۆتیزم[ی باتای] نەیتوانیووە پێی بگات»[٢٧].

کەواتە لە ئیسلامدا ئەم ڕەگەزە کێیە کە ناکرێت بە قوربانی و حاکمیش دەتوانێت هەر سزایەك لەسەر کوشتنەکەی هەڵبگرێت؟ کێیە نابێ لە ڕێوڕەسمێکی شانۆییدا بۆ خواوەند، بسووتێنرێت، یان سەرببڕدرێت، یان بکرێت بەژێرخۆڵەوە؟ واتە کێیە کە نە بە تەواوەتی دەکرێت بە موڵك و نە قوربانیشی پێ دەکرێت، بەو پێیەی قوربانی تەنیا بەوە دەدرێت کە بە تەواوەتی "موڵك"ـە؟ کێیە کە هیچ یەکێك لە دوو "بەخشین"ـەکەی خودا نایگرێتەوە، نەك بەخشین وە "لێخۆشبوون"ی نێو عیبرانیەت و نە وەك "غەنیمەت"ـی نێو ئیسلام. لە بەرهەمەکەی تەیفووریدا ئەمە نە کەسێکە و نە گیانەوەرێك، بەڵکو "ئەلئەنفال" خۆیەتی لە مانایەکی تەواو نوێیدا. ئەنفال وەك غەنیمەت کە لە نەریتی پێشتردا حەرام بوو، لە نەریتی ئیسلامدا حەڵاڵ دەکرێت؛ کەواتە ئەنفال لە ڕیشەی خۆیدا هەڵگری ئەم پارادۆکسە بنچینەییەی حەرام-حەڵاڵە. ئەوەی حەرامە ناکرێت بە موڵك یان قوربانی، دەسووتێنرێت و دەکرێت بەژێر خۆڵەوە، ئەوەی حەڵاڵە، ناسووتێنرێت و لەنێو نابرێت، بەڵکو بۆ ئارەزووی موجاهیدان حەڵاڵ دەکرێت، کەواتە پێویستیش نییە بکرێت بە قوربانی بۆ خواوەند، لە کاتێکدا ئەو خۆی خەڵاتی خودایە؛ خەڵاتی خودا ناشێت وەك قوربانی بکرێتەوە بە دیاریی بۆ خودا. تەیفووری ئەم حەڵاڵ-حەرامە ناو دەنێت "ساکرێ"[sacré]. ساکرێ تەنیا بە واتای پیرۆزی نییە، بە واتای ئەوەیە کە لە پیرۆزییش داماڵراوە؛ ئەوەیە کە هاوکات موقەدەس و چەپەڵ، لەخۆگیراو و دەرکراو، دەستبۆنەبراو و دەستلێدراوە، بەکارنەهێنراو و بەکارهێنراوە. ئەو لە یەك کاتدا گوێرەکە زیوینەکەیە و غەنیمەتەکانی جیهادیشە. غەنیمەتی ئەنفال شتێکە وەك ئەمە: حەرامێك کە بە بڕیاری حاکم/خەلیفە حەڵاڵ دەکرێت؛ کەواتە **ساکرێ** بنچینەی دامەزراندنی دەسەڵاتی خەلافەتە؛ خەلافەت بەوە دادەمەزرێت کە بتوانێت بڕیار لە ئاوارتەیەك بدات، *بڕیارێکی ئاوارتە* بدات، حەڵاڵکردنی حەرامێك تەشریع بکات.

ئامانجی تەیفووری لە گەیاندنی شرۆڤەکەی بە چەمکی "ساکرێ" بۆ ئەوەیە دواجار لە ژێژەك دەربچێت و بگاتەوە بە فیکری ئاگامبێن کە باکگراوندی کۆی کارەکەی پێك دەهێنێت. ئاگامبێن لە شرۆڤەی **ساکرێ**دا جۆرە مرۆڤێك دەدۆزێتەوە کە ناوی دەنێت *مرۆڤی ساکرێ*. بۆ نموونە لە دۆخی ئەنفالدا، غەنیمەت وەك *ساکرێ* تەنیا سامان و کەلوپەل نییە؛ مرۆڤیش وەك کەنیزەك، کۆیلە، دیل، سەبییە، مورتەد، کافر و هیتر دەگرێتەوە؛ ئەمانەی وا لەنێو ساکرێی غەنیمەتدان دەبن بە "مرۆڤی ساکرێ"؛ یان بە چەمکە لاتینییەکەی ئاگامبێن، دەبن بە *هۆمۆ-ساکەر* [Homo Sacer]. ئاگامبێن بەم چەمکە کارەساتی هۆلۆکۆست وەك پرسی ئاوارتەیەکی سیاسیی-یاسایی دەخوێنێتەوە، بەڵام بۆ ڕیشە دوورەکانی دروستبوونی مرۆڤی ساکرێش لەنێو نەریتی ڕۆژئاواییدا دەگەڕێتەوە. تەیفووری وەك چۆن لە دەروونشیکارییەوە دەست پێدەکات، لە شرۆڤەی "ساکرێ"ـدا هەر لەسەر هێڵی دەروونشیکاریی بەردەوام دەبێت تاوەکو لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا ڕوخساری ئاگامبێن بە تەواوەتی ڕوون دەبێتەوە. بە ڕوانین لە فوکۆ-ئاگامبێن هەر زوو دەرك بەوە دەکەین کە سەرەکیترین ڕووبەری شرۆڤەکردنی پرسی ساکرێ لە نێو "بایۆ-پۆلەتیك"ـدایە؛ بەڵام بایۆپۆلەتیك، وەك دواتر شرۆڤەی دەکەم، پارادایمێکی ئێجگار جیاوازە لە پارادیمی "دەروونشیکاری". لەبەر ئەمە وەك خۆم پێویستییەکی جەوهەری لەوەدا نابینم کە بۆ شرۆڤەکردنی "ئەنفال وەك هۆمۆساکەر" بەنێو دەروونشیکاریدا تێپەڕین، چونکە ئەم تێپەڕینە گەر کێشەی تیۆری دروست نەکات، ئەوا دەتوانێت زیان لە تۆکمەیی تیۆریی کارەکە بدات. ئاگامبێن خۆشی (کە بەرهەمەکەی ئەو سەرچاوەی سەرەکیی کارەکەی تەیفوورییە) وەك ئاماژەی پەرتوبڵاو نەبێت لە هێڵی دەروونشیکارییەوە شرۆڤەی

---

[٢٧] جیورجیو أغمبن: المنبوذ – السلطة السيادية والحياة العارية، ترجمة وتقديم و تعليق عبدالعزيز العيادي، منشورات الجمل، الطبعة الأولى، بيروت/بغداد، ٢٠١٧، ص١٥٣.

هۆمۆساکەری نەکردووە؛ بە پێچەوانەوە لایوایە دەروونشیکاریی ناتوانێت شتێکی جەوهەری دەربارەی هۆمۆساکەر بڵێت.

لە بەشی دووەمی پاژی دووەمی *دەسەڵاتی حاکم و ژیانی ڕووت*دا ئاگامبێن بە خێرایی هەندێك لەو بەرهەمانەی پێش خۆی دەخاتە ڕوو کە خۆیان لە پرسی **ساکری/ساکەر** نزیك کردۆتەوە و لەنێویاندا ئاماژەیەك بە بۆچوونی فرۆید دەدات دەربارەی ئەو پارادۆکسی پیرۆز-چەپەڵەی کە لە *واتای ئەسڵیی* چەمکی ***ساکەر***دا هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئاگامبێن، وەك خۆی دەڵێت، بۆ ئەوەیە لاوازیی ئەو بۆچوونانە پیشان بدات و لە ڕێگە ڕەخنەوە لە هەموویان تێپەڕێت. ڕەخنەی ئاگامبێن لەوان ئەوەیە کە هیچ یەکێکیان ***ساکەر***یان وەك پرسێکی *سیاسی-یاسایی* کە بنچینەی دەسەڵاتی ئاوارتەی حاکم پێك دێنێت، تاتوێ نەکردووە. بۆ نموونە لە بەشی چوارەمی پاژی دووەمدا ئاگامبێن، باس لە دەسەڵاتی باوك دەکات بۆ کوشتنی منداڵەکەی لە یاسای ڕۆمانیدا. بەلای ئاگامبێنەوە پارادۆکسە بنەڕەتییەکەی *هۆمۆساکەر* ئەوە نییە کە حەرام-حەڵاڵ یان پیرۆز-نەفرەتلێکراوە، بەڵکو ئەوەیە کە: «دەشێت هەر کەسێك بیکوژێت، بێ ئەوەی ئەم کوشتنە بە قوربانی یان تاوان دابنرێت». ئەمەیش واتە «ئەوەی دۆخی هۆمۆساکەر دیاریی دەکات، بە پلەی سەرەکی ئەو پارادۆکسە بنەڕەتییە نییە کە گوایە لەگەڵ پیرۆزیدایە [پیرۆز-چەپەڵ یان حەرام-حەڵاڵ]، بەڵکو پتر خەسڵەتی تایبەتی *دووجار دوورخستنەوەیە* کە هۆمۆساکەر دیلییەتی و ئەو تووندوتیژییەیە کە دووچاری دێت. ئەم تووندوتیژییە، ئەو کوشتنەی کە هەرکەسێك دەتوانێت ئەنجامی بدات بێ ئەوەی لەسەری سزا وەربگرێت، نە بە قوربانی دەتوانین پێناسەی بکەین نە بە کوشتن، نە وەك جێبەجێکردنی حوکمی سەرزەنشتکارانە نە وەك گوناهباری»[٢٨]. لەبری ئەمە «ساکەر شێوەی بنەڕەتیی ئاوێتەبوونی ژیانی ڕووتە بە نەزمی یاسایی-سیاسی. گوزارەی هۆمۆساکەر شتێکی وەك پەیوەندیی بنچینەیی "سیاسی" دەردەبڕێت، واتە دەڵێت ژیان وەك دوورخستنەوەیەکی لەخۆگیران مەرجەعی بڕیاری سەروەرانەیە [لەلایەن حاکمەوە]. ژیان تەنیا تا ئەو ڕادەیە ساکەرە کە گیرۆدەی ئاوارتەی حاکمییەتە»[٢٩]. بەم جۆرەیە کە شرۆڤەکەی ئاگامبێن چیتر پرسی سادەی چەپاندن و گەڕانەوەیەکی دەروونی نییە، پرسی باوککوژی و گوناهـ، ئارەزوو و ئازاری ویژدان نییە، چونکە لە بنەڕەتەوە کردەی کوشتنی ئەمەی کە کوژراوە و دەکوژرێت، خۆی کردەیەکی تەوتەمیانە یان کردەیەکی نا-یاسایی شارستانی نییە، بەڵکو کردەیەکی *دەرە-یاسا*یە کە لە یاسادا لەخۆگیراوە؛ بە تاوان دانانرێت و بە گوناهـ نانووسرێت. وەك ئاگامبێن دەڵێت، هۆمۆساکەر دوای دووجار دوورخستنەوە *بە ڕووتی* لەخۆدەگیرێتەوە، لەم دوو دوورخستنەوەیەدا، جارێك **پۆشاکی مەملەکەتی ئایین** و جارێك **پۆشاکی قەڵەمڕەویی قانوون**ی لێ دادەکەنرێت، ئیدی ئەو نە بۆ قوربانی دەشێت و نە بۆ ماف. بە کورتی باسی هۆمۆساکەری ئاگامبێنی پرسێکی فرۆیدۆ-ژیژەکی نییە و خۆی بە ڕاڤە دەروونشیکارییەکانەوە قەتیس ناکات و بە دەگمەنیش چەمکە دەروونشیکارییەکان بەکاردەهێنێت.

## کەمپ: ڕووتکردنەوەی ژیان

لە بەشی یەکەمی کتێبی *ڕەچەڵەکناسیی ئەنفال*دا تەیفووری بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوەی **ئەنفال**، کە دواجار بە پشت بەستن بە تەفسیرێکی تەبەری لەگەڵ **ساکری**دا هاومانای دەکات، بەزۆری تەکنیکی ڕوونکردنەوەی زاراوە ئایینییەکان لە زەمینەکانی دروستبوون و بەکارهێنانیاندا بەکاردەهێنێت؛ واتە دواجار ئەنفال هیچ نەبێ لە سەردەمی پەیامبەر و خەلافەتدا لەنێو نەریتی ئایینیدا، لەنێو ڕووداوە ئایینییەکان، فەرمانی پەیامبەران، دەقە پیرۆزەکاندا وەك "تەشریع" لێك دەداتەوە و لە بەشی هەر گەورەی کتێبەکەیدا پەرە بە شیکارییەکەی دەدات. لەوێوە بە قەڵەمبازێك دەپەڕێتەوە بۆ سەردەمی مۆدێرن؛ بەڵام ئەم پەڕینەوەیە، لەبەرئەوەی گۆڕانی ئیپستیمە و پارادایمیشی لەگەڵدایە (گۆڕانی خەلافەت بۆ دەوڵەتی مۆدێرن)، پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ئەو گۆڕانە سیاسییە ڕیشەییانە هەیە کە لە سەردەمی خولەفاوە تاوەکو سەردەمی بەعس ڕوویانداوە، ئەمەش گەمارۆی لێکدانەوەی "ئەنفال" تەنیا لە جوغزی مانای زاراوەکەیدا دەشکێنێت و زەمینەی دیکەی لە بەردەمدا واڵا دەکات.

---

[٢٨] المصدر نفسه، ص١١١.
[٢٩] المصدر نفسه، ص١١١-١١٢.

بەو هۆیەی بەشی زۆری کتێبەکەی تەیفووری تەرخانە بۆ پشکنینی جینالۆژیی سەردەمی یەکەمیان، بۆیە لە خوێندنەوەی بەرهەمەکەیەوە وا تێدەگەین کە ئەنفالی کورد لە سەدەی بیستەمدا تەنیا درێژکراوەیەکی زنجیرەیی ئەنفالی سەردەمی *خەلافەت*ـە و پاڵنەرە سەرەکییەکەیشی دواجار هەر ئایینە. لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی لە پشتی ئەنفالی کوردەوەیە نەریتێکی غەزای ئاینییە کە ڕیشەکانی وا لە حاکمیەتی خەلیفەدا؛ وا لە دەسەڵاتی باوکێکدا کە بە پێچێکدا ئەو شتە حەڵاڵ دەکاتەوە وا حەرامی کردووە. ئەم گریمانەیە دەتوانێت ژێژەك ڕازیی بکات، بەڵام پێدەچێت بە بێ دەستکارییەکی بنەڕەتی ئاگامبێن پێی ڕازی نەبێت، چونکە فەیلەسوفە ئیتاڵییەکە چەندین جار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «تێکەڵکردنی دیاردەیەکی یاسایی-سیاسی و دیاردەیەکی تایبەتی ئایینی، بنەڕەتی هەموو ئەو لێڵی و ئالۆزییانە پێکدێنێت کە تەنانەت لەسەردەمی ئێمەیشدا بووە بە مۆرکی هەموو توێژینەوەکان هەم دەربارەی ساکەر و هەم دەربارەی حاکمیەت. سەرکۆنەکردن[ی هۆمۆساکەر] بە فۆرمی نەفرەتێکی ئایینی نییە کە خاسیەتی موحەڕڕەمی شتێك پێك دەهێنێت، واتە هاوکات خاسیەتێکی شکۆدار و عەیبدار: بە پێچەوانەوە، داڕشتنێکی سیاسیی بنەڕەتییە بۆ سەپاندنی پابەندیی سەروەرانەی حاکم»[٣٠]. تەیفووریش بە ڕوونی دەرکی بەوە کردووە کە کورتکردنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی ئەنفال لە مێژووی ئایینەکە و هەندێك زاراوەی سەردەمی هاوەڵاندا، بۆ توێژەری ئەنفال داوێکە کە هەر کات تێیبکەوێت، دەرفەتی بینینی ئەو خاڵە یەکلاکەرەوەیە لەدەست دەدات کە دەتوانێت ئەنفال لە ڕووبەرێکی تر و لە ئاسۆیەکی فراوانتردا شرۆڤە بکات کە ڕووبەری سیاسی-تەشریعییە و تەنیا لەسەر ئەم بنەمایەشە "حاکمییەت و ساکرێکەی" دادەمەزرێن. تەیفووری دەنووسێت:

> «ناوەکە [ناوی ئەنفال] لە ڕوانینی یەکەمدا بۆ بواری دین دەگەڕێتەوە، واتە بوارێك کە یان دەستبۆنەبراوە، یان هەموو شتێکی بۆ کورت کراوەتەوە. ئەمە ئەو گرفت و داوەیە لەو ناونانەدا هەیە و ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە توێرەژان هەوڵ نادەن لەو بونیاد و کەرەستە قانوونی-سیاسییانە بکۆڵنەوە کە لە ڕێگەیەوە دەکرێ گرووپێکی مرۆیی بکرێت بە قابیلی کوشتن، بێ ئەوەی کوشتنەکەی بە تاوان یان گوناه دابنرێت»[٣١].

کەواتە پشکنینی جینالۆژییانەی ڕیشە ئاینییەکان، دواجار بۆ تاقیکردنەوەی "عەقڵی خودا" نەبوو، بەڵکو بۆ کەشفکردنی ئەو بونیاد و کەرەستە قانوونی-سیاسییانە بوو کە بە گوێرەیان هەر حاکمیەتێك بەجۆرێکی تایبەتی هاوتا لەگەڵ شێوازی حاکمیەتەکەیدا، هۆمۆساکەری خۆی بەرهەم دەهێنێت، ئەمەیش لەبەرئەوەی "ژیانی ڕووت" لە *کارخانەکانی دەسەڵات*دا دروست دەکرێت کە دواجار بە گوتەی هایدیگەر-ئارێنت *کارخانەی تەرمەکانی* هۆمۆساکەریشی هەیە. لەبەرئەمە نووسەر لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا پرسی هۆمۆساکەر لە جیهانی نوێدا، واتە چیتر نەك لە ڕۆژی فورقاندا، بەڵکو لە سیستەمی یاسایی-سیاسیی "دەوڵەتی مۆدێرن"دا تاوتوێ دەکات. لێرەدا تەیفووری سەرلەبەری پارادایمەکە دەگۆڕێت بۆ سەردەمی نوێ، بەڵام ئەوە جێگای دڵنیایی نییە کە ئاخۆ ئەو وەك دوو پارادایم لێیان دەڕوانێت یان نا، بەو پێیەی لە هەمان ئەو کاتەی دوو سەردەمەکە، دوو ئیپستیمەکە، دوو شێوازی حوکمڕانییەکە (خەلافەت-دەوڵەت) لێك جودا دەکاتەوە، کۆك نییە لەگەڵ بینینی ئەم جیاکردنەوەیەدا وەك "دابڕان"، چ دابڕانی مێژوویی یان دابڕانی مەعریفی[٣٢]. هاوکاتیش کە پێیوایە ئەنفالی کورد لە سەدەی بیستدا پرۆسەیەکی ئاوێزانی دەوڵەتی نوێ بوو، ڕازیی نییە بە بینینی بەعس وەك "**بەعسیزم**" واتە وەك هێزێکی خاوەن خەسڵەتگەلی دەگمەن. لای ئەو کاتێك بڵێین "بەعسیزم"، ئەوا هێمامان بۆ شتێکی تاقانەی وەکوو "نازیزم" یان "فاشیزم" نەکردووە، بەڵکو بەعس هێزێکە لەسەر هەمان ئەو بونیادەی حاکمیەتەوە دروست بووە کە دەتوانێت لە ئێرانیش "ئیمامەت" بەرهەم بهێنێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە تەیفووری پرسی "فتوای ئیمام"یش بۆ هێرشکردنەی سەر کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگهێشتی نێو شرۆڤەکەی دەکات. ڕوونتر بڵێین، لای ئەو "دەوڵەت" خۆی بونیادێکی نوێی دەسەڵات یان پارادیمێکی جیاواز نییە، بەڵکو فۆرمێکی نوێی دەسەڵاتی هەمان بونیادی حاکمیەتە.

کەواتە کاتێك تەیفووری ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە ئەنفالدا، جگە لە ڕیشەی مێژوویی، ئیزافەی نوێی سەردەمی مۆدێرنیش هەن، ئەو ئەم "ئیزافانە" وەك دروستکردنی "جیاوازیی ڕیشەیی" نابینێت. بەم هۆیە ئەو ئەنفال لەنێو دوو پارادایمەکەدا بە ڕوونی لێك جودا ناکاتەوە، بەڵکو لە حاڵەتی بەعسدا وەك گۆڕانکاریی نێو یەك پارادایم،

---

[٣٠] أغمبن: المصدر نفسه، ص١١٤.

[٣١] تەیفووری، سەرچاوەی پێشوو ل١٦٩-١٧٠.

[٣٢] دابڕان بە واتای هەڵتۆقینی شتێکی نوێ نییە لە "نەبوون"ـەوە، بەڵکو خاڵی شکان و کەرتبوونێکی ڕادیکاڵە کە وا دەکات شتێکی نوێ دەربکەوێت.

به یەك بونیادی دەسەڵاتەوە لێی دەڕوانێت کە لە خۆرهەڵات هەر لە ڕۆژی بەدرەوە تاوەکو ئێستا لەکاردایە: *بونیادی* دەسەڵاتی حاکم کە لە مێژووی ئیسلامدا خەلافەتە و فۆرمە شیعەگەرانەکەشی کۆماری فەقیهە لە ئێران، وڵاتێك کە ئیمام دەسەڵاتی ئاوارتەی هەیە و کوردیش بۆ ئەم دەسەڵاتە *هۆمۆساکەریزە* کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتگەرایی بەعس و ئیمامەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا دووبارەکردنەوەی "خەلافەت" نین، بەڵکو لەنێو ئاسۆی فراوانتردان کە بواری قانوونیی سیاسیش دەگرێتەوە. تەیفووری دەنووسێت:

«ئێستە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەنفال لەنێو ئاسۆگەیەکی فراوانتردا دابنێین و هەوڵ بدەین وەڵامی پرسیاری ئەگەری بوونی شیمانەیی بونیادێکی قانوونی سیاسی بدەینەوە، کە ڕێگە بەوە دەدات وێنای جۆرێك هێڵی بەردەوامی لەنێوان مێژووی هاوچەرخ و ئەو دیمەنەدا بکەین کە وەك کردەی بنچینەیی ئیسلام وێنامان کرد»[٣٣].

کەواتە تەیفووری مێژووی هاوچەرخ، کە ئەنفال تێیدا ڕوودەدات، وەك درێژبوونەوەیەکی *گۆڕاو* و فراوانتری مێژووی ئیسلام دەبینێت نەك وەك *گۆڕانی پارادایم* یان وەك دوو مۆدێلی جودای دەسەڵات، بەڵام ئەوە *بوفیمیزمەکان*ـن کە نووسەرانیان وەها تووشی کوێری کردووە، ئەم گۆڕانەیان وەك *دابڕان* پێناسە کردووە. ئەنفال هێشتایش هەر دەستکەوت/حەرام/ساکرێیە، هەر حەرامێکی حەڵاڵکراوی ڕۆژی دوای بەدرە، لەبەرئەوە «ئەوەی بەعس دەیکات، لە لایەنێکەوە خستنەکاری میکانیزمێکە کە پێشتر لە دەسەڵاتی حاکمدا لە کاردایە»[٣٤].

بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی تەیفووری لە مەیلی "بونیادگەریی" دەرباز بکەین، دەبێت خۆمان لە زیادەڕەوی لە "نەگۆڕان"ـی بونیادەکان بپارێزین؛ ڕەچەڵەکناسییش میتۆدی کەشفکردنی بونیادە جێگیرە ئەبەدییەکان نییە، بەڵکو وەك تەیفووری بۆیچووە بۆ کەشفی پتەکانی وەرچەرخان و گۆڕانە، کەشفی چرکەساتەکانی درزبردنی بونیادێك یان ساتەکانی شکانی بەردەوامیتی و پێکهاتنی ئەسڵی نوێیە. *حاکمیەت* بونیادێکی هەیە، لەنێو هاوکێشەیەکی بە ئاستەمگۆڕاوی دۆخی ئاوارتە و هۆمۆساکەردایە، بەڵام ئەم گۆڕانە بچووکە دەتوانێت "جیاوازی" بەرهەم بهێنێت، واتە مۆدێل یان پارادایمێکی جودا لە ئەسڵەکەی. لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە وا گریمانە دەکەین کە هۆمۆساکەری نێو نەزمی خەلافەت جیاوازە لە هۆمۆساکەری نێو نەزمی دەوڵەت-نەتەوە، یان دەوڵەت-سەروونەتەوە. گەرچی لە ڕۆژی فورقاندا *غەنیمەت* دەگۆڕێت بۆ *ساکرێ*، بەڵام سەردەمی خەلافەت کەرەستەی زۆر کەمتری لەبەردەستدا بوو بۆ بەرهەمهێنانێکی سەرتاپایی *هۆمۆساکەر* یان *ژیانی ڕووت* لەنێو سیاسەتدا. خەلافەت دەبوو غەزایەك بەرپا بکات، جیهادێك ڕابگەیەنێت و غەنیمەت بگرێت، غەنیمەتەکەش بگۆڕێت بۆ ئەنفال. بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەدا هەر لەنێو کۆمەڵگەکان و لەچوارچێوەی دەوڵەتدا "ژیان"ـی بایۆلۆژی بە هەموو سەنگی خۆیەوە دەخزێنرێتە نێو مومارەسەی سیاسەتەوە و شتێك پێکدێت کە فوکۆ ناوی لێ دەنێت *بایۆپۆلەتیك* (بە وەرگێرانی تەیفووری: ژینسیاسەت). وەختێك *ژیان* دەبێت بە بابەتی سیاسەت، ئەوا حاکمیەت، نەك لە ڕێگەی خودایەتییەکی پەتییەوە، بەڵکو لە ڕێگەی **حکومە***تمەندی Governmentality*ـیەوە (یەکێك لە سەنترالترین چەمکەکانی فوکۆ بۆ شرۆڤەی بایۆپۆلەتیك) لەسەر ئەم ژیانە مومارەسەی خۆی دەکات، لەبەرئەوە ڕەنگە ڕێکەوت نەبێت کە بەعس وێرای حاکمیەتێکی جەبرگەرایانە، حکومەتێکی بەهێزیشی بونیاد نابوو. لێرەدا دەوڵەت فەزا داخراوەکانی وەك زیندان، قوتابخانە، کارگە، سەربازگە، نەخۆشخانە بونیاد دەنێت، کە تێیاندا مومارەسەی دەسەڵات لەسەر *ژیان* دەکرێت. ئاگامبێن ئەم تێزە فوکۆییە هەڵدەگرێتەوە و بە لێکدانی لەگەڵ ڕوانگەی ئارێنتدا بۆ دەوڵەتی تۆتالیتار، باس لە فەزایەکی دیکەی *کراوەی داخراو*، *دەرەکیی ناوەکیکراو* دەکات، ئەویش "کەمپ"ـە. تەیفووری خۆیشی جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە، کە **کەمپ** ئەو فەزایەیە تێیدا ژیان لە هەر مانایەك دادەماڵرێت و سنوورەکانی نێوان ژیانی مرۆیی و ئاژەڵی و ڕووەکی دەسڕدرێنەوە:

«لەم بوونەوەرەدا کە زادەی دۆخی ئاوارتەی نێو کەمپەکانە، چیدی وەك پرۆیمۆ لیڤی پێی زانیبوو، چەمکەکان، ژیان و مردن تێکەڵ دەبن. لەم سیمایەدا چەمکەکان دەخزێنە نێو یەکترەوە بۆ ئەوەی ناوچەیەکی نادیاریکراو لەنێوان وتەزاکان، لەنێوان زیندوو و زماندار، ژیانی بیۆلۆژیك و ژیانی سیاسیدا دروست بکەن، ئەو ناوچەیەی کە هەرێمی ژیانی ڕووتە. [...] دەسەڵات لە ژیان خۆی جۆرێك ژین هەڵدەهێنجێت کە نە ژیانی پێوەندییانەیە و نە ژیانی

---

[٣٣] هەمان سەرچاوە، ل١٨٢.
[٣٤] هەمان سەرچاوە، ل١٨٤.

> سروشتییە، بەڵكوو ژیانێكی ڕووتە، بەتاڵ لە فۆرمەكەی، واتە لە توانستەكەی بۆ گۆڕان و شێوەگیریی نوێ، ژیانێك تێیدا مرۆڤ -وەك بوونەوەرێك كە خاڵی جیاكەرەوەی لەگەڵ زیندەوەرانی دیكە زمانداری و توانستی كردن یان نەكردنە- لە زمان و توانای بیركردنەوە و توانای كردن یان نەكردن دابماڵرێت و چیدی نەكرێ لە زیندەوەر، لە حەیوان، جوێ بكرێتەوە و بناسرێتەوە. لەم هەرێمی ئاوارتەیەدا، لە كەمپدا وەك "كارخانەی بەرهەمهێنانی تەرم" (بە زمانی ئارێنت)، پێش لە مردن قۆناغێكی ژیان هەیە كە تێیدا حاكم چیدی ئەو كەسە نییە كە ژیان وەردەگرێتەوە، بەڵكو ئەو كەسەیە كە لە خودی ژیان ژیانێكی دیكە هەڵدەهێنجێت، ژیانێك كە بەتاڵە لە توانست و ئەگەری كردن یان نەكردن، ژیانێكە بەو سنوور و تخووبەدا تێ پەڕیوە كە جاران مردن و ژیان، قسەكەر و زیندەوەر، مرۆیی و حەیوانیی لێك جوێ دەكردەوە»[٣٥].

كەواتە لە پەیوەندیدا بە ئەنفالەوە، لایەنیكەم دەتوانین باس لە *دوو مۆدێل* بكەین بە حاكمیەتێكی جووت ڕوخسارەوە؛ مۆدێلی یەكەم سێگۆشەی پێكەوەتەبای **خەلافەت-ئوممەت-غەنیمەت**ـە؛ مۆدێلی دووەم **دەوڵەت-نەتەوە-كەمپ**ـە. گەر ئەمە لەبەرچاو بگرین، كەواتە تێگەیشتن لە ئەنفالی كورد لە سەردەمی مۆدێرندا، پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانەیە كە لە خودی حاكمیەت و نەزمە قانوونییەكەیدا لە *خەلافەت*ەوە بۆ *دەوڵەت* ڕوویداوە. مەرجی ئەم گۆڕانە ئەوە نییە هیچ چەمك یان ڕەگەزێكی هاوبەش لەنێوان خەلافەت و دەوڵەتدا نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە سەر بە دوو ئێپستیمەی جیاوازن. دەوڵەتی بەعس تەنیا درێژكراوەی خەلافەت نەبوو، هەر بەو جۆرەی نازیزم تەنا درێژكراوەی ئیمپراتوریەتی ڕۆم نەبوو.

جیاوازی ئەم دوو ئێپستیمەیە پێوەند بەم باسە، لە بەكارهێنانی تەكنیكەكانی دەسەڵات و شێوازی مامەڵەكردنیاندا لەگەڵ "ژیان"ـدا بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە. هۆمۆساكەر ژیانی ڕووتە؛ بە مانایەكیتر، ئەو ژیانەیە كە نە دەكرێت بە قوربانی، نە دەشێت ببێت بە بەشێك لە سامان، نە بۆ كەڵكێكی ئابووریی وەك زێدەبەها ڕادەگیرێت و نە كوشتنیشی تاوانە. غەنیمەت وەك حەڵاڵكراوێك لە سەردەمی خەلافەتدا جۆرێك *دەستكەوت* بوو كە چیتر "نەدەسووتێنرا" و نەدەكرا "بەژێرخۆڵەوە"، بەڵكو بە بڕیاری حاكم وەك "پاداشت" دەبەخشرا بە موجاهیدان، لێرەوە گەرچی "بەرهەمی كار" نەبوو، بەڵام كەڵكێكی هەبوو (سامانداری، خزمەتكاری، خوێنبایی، كۆیلایەتی، چێژی سێكسی، مومارەسەی تووندوتیژی و هتد) كە ڕەگەزی نەزمە ئابووریی سیاسییەكەی پێك دەهێنا. لە هەر یەكێك لەم حاڵەتانەدا "ژیان" دەغەنیمێنرێت، بەڵام ئەوەی كراوە بە غەنیمەت بە زوویی پێگەكەی لەنێو زمان و كۆمەڵگەدا دیاریی دەبێت، جا چ كۆیلە بێت یان كەنیزەك. كەواتە حاكم دەتوانێت بیكوژێت، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی هەیە "لێ بگەڕێت بژی". لە سەردەمی مۆدێرندا، حاكم چیتر سەروەرییەكی ئیلاهی نییە، بەڵكو دەوڵەتە كە توانای ئەوەی هەیە بە دامەزراوە و تەكنیكە نوێیەكانی حكومەتمەندیی "هاووڵاتی" و "ژیانی ڕووت" دیاریی بكات. لەم مۆدێلەدا بەرهەمهێنانی ژیانی ڕووت نە لەپێناو كەڵكێكدایە و نە زێدەبەهای لێ بەدەست دەهێنرێت (بەدەستیش بهێنرێت ئەمە گرنگییەكەی پێكهناهێنێت)؛ گرنگیی ژیانی ڕووت تەنیا ئەوەیە لە دۆخی ئاوارتەدا پایەی حاكمیەت دادەمەزرێنێت، هەر وەك ئەوەی حاكمیەتی بەعس بە گرتنی ***ساكرێ***یەك خۆی دەچەسپێنێت كە حەڵاڵی دەكات، بەڵام نەك تەنیا وەك سامان و كەڵك، بەڵكو وەك فیگورێك كە ژیانیشی حەڵاڵە. بەم واتایە دەوڵەت دەتوانێت ژیانی هاووڵاتیان بپارێزێت، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی هەیە مافی هاووڵاتیبوون لە هەندێكیان بسەنێتەوە و لێبگەڕێت بمرن، فەزای پێرفێكتی ئەم ژیانە ناسك و بێبەرگرییەی كە وا لەنێوان ژین و مەرگدا، كەمپەكانی دەوڵەتانی مۆدێرنن. لەنێو كەمپدا باڵادەستیی بایۆپۆلەتیك لەسەر ژیان گشتی دەبێتەوە.

غەنیمەتی سەردەمی خەلافەت گەرچی ڕیشەی جینالۆژیی سەردەمی نوێیە، بەڵام بە تەواوی مانای ئەنفالی سەردەمی نوێ ناگەیەنێت، چونكە "غەنیمەت" لەدوای بەدرەوە چیتر بەژێر خۆڵەوە نەدەكرا، بەڵكو وەك پاداشت حەڵاڵكرا؛ لە كاتێكدا لە ئەنفالی كورددا بە سڕینەوەی هێڵی تەماسی نێوان ژیان و مردن، لە ناوچە موحەڕەممەكان، كەمپەكان و ئۆردوگا زۆرەملێكاندا مەرگ و ژین خزانە نێو یەكەوە. بۆیە هەم وەك غەنیمەتی سەردەمی موسا كران بەژێر خۆڵەوە، بەبێ ئەوەی بە قوربانی حسێب بن (تەیفووریش لەمەدا هاوڕایە كە ئەمانە قوربانی نەبوون)، هەمیش بەشێكیان وەك غەنیمەتی سەردەمی بەرایی ئیسلام كران بە كەنیزەك و كۆیلە، بەڵام دەكرا بێ هیچ سزایەكیش وەك سەدان هەزارەكەی دیكە لە گۆڕە بە كۆمەڵەكاندا بكوژرێن؛ كەواتە مانەوەی ئەو

---

[٣٥] تەیفووری: هەمان سەرچاوە، ١٦٢.

ڕێژه کەمەی وەك کەنیزەك بران، بە هاوکێشەی "سوود"، کە کڕین و فرۆشتنیان وەك کۆیلە شرۆڤە دەکات، شتێکی بنەڕەتیمان پێنالێت، چونکە وەك وتمان هۆمۆساکەر کۆیلە نییە.

لەسەر بنەمای ئەو شرۆڤەیەی سەرەوە، پێمانوایە دەوڵەتی بەعس لە سەردەمی مۆدێرندا جگە لەوەی نەریتییەکانی ئەنفالی دێرین هەڵدەگرێتەوە و لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵیان دەکات، هەموو ئەم نەریتانەش تێدەپەڕێنێت و مانای *ئەنفال* لەنێو خودی "بایۆپۆلەتیك"ـی دەوڵەتی خاوەن دەسەڵاتی ئاوارتەدا دادەڕێژێتەوە. تەنانەت گوزارەی "کارخانەی بەرهەمهێنانی تەرم" خۆی ئاماژەیەکی تەواو ڕوونە بۆ جیاوازیی مۆدێلی هۆلۆکۆست (یان ئەنفال) لە مۆدێلی سەردەمانی پێشتر.

*بایۆپۆلەتیك* واتە ئەو سیاسەتەی کە تێیدا ژیانی بایۆلۆجی دەبێتە چەقی گرنگی پێدان، بۆ نموونە لە پرسەکانی ڕەگەز، زۆربوون، دانیشتووان، نەخۆشی، درم، ئاسایش، ڕێکخستنی شار، ماف و هیتردا کە پێکڕا پەیوەستن بە "هاووڵاتیبوون"ـەوە لەنێو دەوڵەتی مۆدێرندا. لەم سیاسەتەدا هۆمۆساکەر ئەوەیە کە دەوڵەت [حاکم] لە ڕێگەی کاراکردنی دۆخی ئاوارتەوە، لە پارێزبەندییە قانوونییەکان دایدەماڵێت و دواجار بەوپێیەی *هاووڵاتی*یە لە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە (یان دەوڵەتێکی دیکە)دا، دەوڵەت دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لە مافی هاووڵاتیبوون بێبەریی بکات. بەڵام لەمەیش خراپتر، دوایین هەنگاو گۆڕینییەتی لەنێو کەمپەکاندا بۆ ئەو فیگورەی کە پێی دەوترێت *موزێلمان*؛ فیگورێك کە نە مردووە و نە زیندوو، هەموو سنوورە زیندەوەرییەکان لەگەڵ مەرگدا تێیدا تێکەڵ بوون. تەنیا لە نێو بایۆپۆلەتیکدایە کە "کەمپ" دەبێتە چەمکێکی سیاسی و کارخانەیەکی بایۆلۆژیی بۆ پیادەکردنی سیاسەت؛ یان وەك ئاگامبێن دەڵێت کەمپ کرۆکی عەقڵانیەتی مۆدێرنیزمە:

> «کەمپ فەزای ئەو بایۆسیاسەتە ڕەهایەیە کە پێشتر شتی لەم جۆرە نەبووە، تێیدا ژیانی بایۆلۆژیی ڕووت بێ هیچ نێوانگرێك لەبەردەم دەسەڵاتدایە. لەبەرئەمە کتومت پارادیمی سیاسییە لەو ساتەدا کە سیاسەت دەبێتە بایۆسیاسەت و هۆمۆساکەریش بەشێوەی مەجازی لەگەڵ هاووڵاتیدا هاوشێوە دەبێت»[٣٦].

وەك ئەم برگەیە پێمانی دەڵێت، لەمێژوودا شتێکی وەکو کەمپ بوونی نەبووە؛ واتە خودی ئەو پارادایمەی کە کەمپ تێیدا چالاك دەبێت بوونی نەبووە. ئەمە پارادایمی حاکمیەتی حکومەتمەندیی دەوڵەت-نەتەوەیە. گەر لە سەردەمی نوێدا "کەمپ" فەزای ئایدیاڵیی بەرهەمهێنانی هۆمۆساکەر بێت، ئەوا لە نەزمی خەلافەتدا شتێکی وەك "کەمپ"ی هاوچەرخ لە ئارادا نەبووە، تەنانەت ئاگامبێن لایوایە لە ڕۆژئاواش بەو شێوەیەی لای نازیزم هەبوو، پێشینەی نەبووە. بە بڕوای ئاگامبێن «فاشیزم و نازیزم پێش هەموو شتێك دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و هاووڵاتین؛ ئەگەرچی ئەمە پارادۆکسیکاڵ دەردەکەوێت، بەڵام ئەم دووانە تەواو ڕوون نابنەوە تاکوو نەیانخەینە سەر ئەو بنەڕەتە "بایۆسیاسی"یەی کە حاکمیەتی نەتەوەگەرایی و جاڕنامەکانی مافەکانی مرۆڤ، سەر ڕێیان خست»[٣٧]. وەك دەبینین ئاگامبێن، وێرای گەڕانەوە ڕەچەڵەکناسییەکانی، بەڵام نکوڵی لە ڕۆڵی دەگمەنی دەوڵەتخوازیی نەتەوەیی نازیزم و فاشیزم لە کارابوونی ژینسیاسەتدا، لە بڕیاردانی دۆخی ئاوارتە، لە کەمپ و بەرهەمهێنانی ژیانی ڕووتدا ناکات. ئاخۆ بەعسیش، وەك *بەعسیزم*، وەك مۆدێلێکی سیاسەت و بەڕێوەبردن، ڕۆڵێکی دەگمەنی لەم جۆرەی لە سەردەمی نوێدا هەبوو، کە هیچ نەبێت ئیزافەیەکی جەوهەریی بێت بۆ سەر ئەنفالی سەردەمی خەلافەت، ئیزافەیەك کە نەك *درێژکردنەوە* و ئاسۆیەکی فراوانتر، بەڵکو *جیاوازی* دروست بکات؟ لە کتێبی "دراوسێ: دەربارەی ئەخلاق و ئەنفالناسی"دا وەڵامی ئەم پرسیارە و زۆر ئاڵۆزیی دیکە هەیە کە لەم وتارەدا ئاماژەمان بە هەندێکیان کردووە.

## دەرەنجام

ئەو پرسیارانەی لەم وتارەدا لە بەرهەمەکەی تەیفووری کردمان و هەڵهێنجانی وەڵامەکان لە شیکارییەکانیەوە، یان ناچاربوونی ئێمە بۆ هێنانی هەندێ ڕەگەزی نوێ بۆ نێو شیکارییەکە تاوەکو ئەرگومێنتەکانی نێو تێزەکە پتەوتر و هارمۆنیتر بن، وایکرد ڕەخنەیەکی ئەرێکار لە بەرهەمەکەی تەیفووری دەربارەی ئەنفال سەر پێبخەین

---

[٣٦] أغمبن: المصدر السابق، ص٢٢١.

[٣٧] المصدر نفسه، ص١٧٢.

که هاوکاتی بەرەوپێشبردنی بەرهەمەکە، ئەنفال لە زەمینەیەکی نوێی سیاسیدا بپشکنێت کە فوکۆ و ئاگامبێن وەك "دەسەڵاتی بایۆپۆلەتیك" ناساندوویانە، ئەوەش کاتێك کە بۆ یەکەمجار خودی ژیانی بایۆلۆژی دەبێت بە ئوبێکتی دەسەڵات. لای ئاگامبێن ئەم دەسەڵاتە هەمیشە بونیادێکی سیاسی- قانوونی هەیە، نەك بنچینەیەکی مێژوویی- دەروونی. لێکۆڵینەوەی جینالۆژیی ئەم بونیادە و شێوازی حاکمییەتە دێرینەکانی، بەو مانایە نییە دەسەڵاتە نوێیەکان تەنیا دووبارەکردنەوەیەکی میکانیکی مێژوون، یان درێژکردنەوەی هەمان شێوازی دەسەڵاتن، یان تەنیا گۆڕانێکی سادەی هەمان پارادیمی سیاسین، بەڵکو جینالۆژیا، وەك لە لێکۆڵینەوەکەی تەیفووریدا دەردەکەوێت، بۆ ئەوەیە ساتەکانی گۆڕان، شکانەوە، دامەزراندنی ئەو بونیادانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە تێیاندا شتێکی نوێ لە مێژوودا دەردەکەوێت.

لەم ڕووەوە ئەنفال، کە لە ڕووداوەکانی سەرەتای ئیسلامدا غەنیمەتی نێو غەزا و فتوحاتەکانە و لەشێوەی خەڵاتی خودادا بە موجاهیدانی ئوممەتی ئیسلام دەبەخشرێت، ڕەگەزی سەرەکیی نێو ئەو سیستەمە ئابووریی سیاسییەیە کە دەسەڵاتی خەلافەت دادەمەزرێنێت. ئەم ئابوورییە سیاسییە هەمان ئابووریی سیاسی سەرمایەداری بە لێکدانەوە ڤێبەرییەکە یان مارکسییەکە نییە و لەسەر بنەمان "کار" نییە، بەڵکو ئابووریی سیاسی غەزایە کە غەنیمەت بۆ موجاهیدان ڕەوا دەکات و یەك لەسەر پێنجیشی (خومس) دەخاتە ژێر دەستی پەیامبەرەوە و لەم ڕێگەیەوە حاکمیەتەکەی پێکدێنێت. غەنیمەت هەمان *ساکرێ*یە کە بە بڕیاری پەیامبەر حەڵاڵبوونەکەی بۆ موجاهیدان ڕادەگەینرێت، دوای ئەویش "خەلیفە" خومس و ئەم دەسەڵاتی ڕاگەیاندنە، لەوانە ڕاگەیاندنی جیهاد و غەزا، وەردەگرێت. بەم جۆرە ساکرێ زەروورەتێکی بونیادییە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی حاکمیەت.

لەگەڵ ئەم گەڕانەوە جینالۆژییەشدا، پشکنینی ئەنفال لە سەردەمی نوێدا ئامانجی توێژینەوەکەی تەیفووری و ئەم وتارەی ئێمەش بووە. بۆیە لەگەڵ بەرهەکەی ئەودا توانیمان ئەوە بخەینە ڕوو کە لە سەردەمی مۆدێرندا *ساکرێ* دەتوانێت شێوەی *ئەنفالی* کورد وەربگرێت کە ئەمجارەیان لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی حکومەتمەندیی دەوڵەتی مۆدێرن خۆی پێ دادەمەزرێنێت، ئەمەیش جۆرێك گۆڕانی پارادایمی دەسەڵاتە. لەم پارادیمەدا دەسەڵاتی بەعسی عێراق بەشێوەیەکی ساکار هەمان خەلافەتی سەردەمی پەیامبەر نیە، بەڵکو دەوڵەتی نەتەوەیەکی سەردەستە کە بە دەرکردنی ڕەگەزێکی وەکو کورد لە مەملەکەتی یاسا و ئایین و دامالینی ژیانەکەی لە سیاسەت، خۆی دادەمەزرێنێت. دەوڵەت ئەم ڕەگەزە دووجار دەرکراوە وەك "ئەنفال" ڕادەگەیەنێت و لە ڕێگەی حکومەتە خزمەتگوزارەکەی و دامەزراوە نوێیەکانی و سوپا سەردەمییەکەیەوە بەهۆساکەرکردنەکەی بەڕێوە دەبات. بێگومان هەندێ لە ڕەگەزە بونیادییەکانی خەلافەت هێشتا لە دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکانی کورددا کاران، بەڵام خەلافەت و دەوڵەت هەمان مۆدێل نین، بۆیە لەبری کۆکردنەوەی غەنیمەت لە ڕووبەری وڵاتانی فەتحکراودا، پتر دەوڵەت هۆمۆساکەر لە "کەمپەکان" و "ناوچە موحەڕڕەمەکان" و "ئۆردوگا زۆرەملێکان"دا بەرهەم دەهێنێت.

سەرچاوەکان:


- فریدریش نیتشه، في جینالوجیا الأخلاق، ترجمة: فتحي المسکیني، المرکز الوطني للترجمة، دار سیناترا، تونس، ٢٠١٠، ص ١٠٦.
- جان بودریار: عندما یهاجم "باطاي" المبدأ المیتافیزیقي للاقتصاد، ترجمة: د. محمد عجینة، ٢٠١٤. http://nomene.blogspot.com/2014/01/blog-post_4718.html
- جۆرج باتای، تیۆری ئایین، وەرگێرانی: هاوار محەمەد، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٣٣-١٣٥.
- جیورجیو أغمبن: المنبوذ – السلطة السیادیة والحیاة العاریة، ترجمة وتقدیم و تعلیق عبدالعزیز العیادي، منشورات الجمل، الطبعة الأولی، بیروت/بغداد، ٢٠١٧، ص١٥٣.
- سیغموند فروید: الطوطم و التابو، ترجمة: بو علي یاسین، دار الحوار للنشر و التوزیع، الطبعة الأولی، سوریة الاذقیة، ١٩٨٣، ص١٧٥.

- مەنسوور تەیفووری: ڕەچەڵەکناسیی ئەنفال، پێشەکییەك بۆ ئابووریی سیاسیی ئیسلام، ماڵی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و فەلسەفە، چاپی یەکەم، تاران ٢٠٢٣، ل٨١-٨٢.
- ميشيل فوكو: تأريخ الجنسانية، استعمال المتع، ترجمة: محمد هشام، افريقيا الشرق، المغرب, ٢٠٠٤، ص٥.

- Giorgio Agamben: The signature of all Things, translated by Luca D'isanto with Kevin Attel, ONE BOOKS, NEW YORK, 2009, p.83-84.
- Karl Marx: Wage Labor and Capital, Wages, Price and Profit, Foreign Languages Press, Paris, 2020, p. 28-29.
- Michel Foucault, The Foucault reader, edited and translated by Paul Rabino, Pantheon Books, New York, 1984, p.77.
- Slavoj Žižek: Neighbors and Other Monsters: A Plea for Ethical Violence, in "The Neighbor, Three Inquiries in Political Theology", The University of Chicago Press Chicago and London, London, 2005, p.183.